بە دەستەکی مومبارک
یارم هەستاند لە خەوی
بەزارەکی پڕ شەکر
هەتیم ئەتوو چت دەوی
ئەوی ژوانی گرتیمان
کچێ بابچینە ئەوی

* * *

هاتم لەلای مەدینە
بە چارۆگی رەنگینە
سەرهەڕەرە بمبینە
لەسەربالای ئەو کچەی
دەست دەدەمە
هاتم لەلای لهێبان
سینگ سندوقێ کتێبان
قازی و مەلا بابیکەن
ا دەبییەوە

* * *

هاتییە تەیری گەرمێنی

هاتییە تەیری گەرمێنی
بەوان دەرێن باشووکە
خۆی لە چیای سوورمێدا
فەرخەی بە چرووکە

* * *

هاتییە تەیری گەرمێنی
بەوان دەرێن قەتێبە
هات گەییە جۆگەی ئاکرێ
هێلانەی لە وەردێیە

* * *

هاتییە تەیری گەرمێنی
بەوان دەرێن کۆللارە
بەخۆی بەبار دەفڕێ
فەرخەی لە دوای باڵدارە

* * *

چوومە سەر قەرەچووغی [1]

چوومە سەر قەرەچووغی
سەر بەرزی ئاشی بایە
پێرێژنان دەورە لێدام
ئەی کاکی لەبەرپایە
مەکانت لەکی لایە
وەک ماری بێ مەکانم
دەگەرێم لەو دنیایە
ناوی عەسکەریم هاتییە
جێبەک وا راوەستایە
خدرۆکی عەولا خەجێ
ئەویشیان لەگەر دایە

* * *

کچ و کوڕ

کچ: مارێ بابم دوورە رێیە
لانکی ساوام پێیە
قەد ناگەمە جێیە
کوڕ: دەڕۆم و دەنارم
کۆتری پێ بە خارم
لە دور توو عەبدارم
کوڕ: دەڕۆم و دەزیزم
کۆتری پێ بەزریزم
لە دوای تو عەزیزم

* * *

هانایێت وە بەر دەبەم
دوورەمێن بە بەر فەلەکی
لە کیستانان دێتە خرار
خێل و رەوەندی هەرکی
دونێم چاو بە یارێ کەت
لەسەر کۆشێ کورەکی
لەموایە یارێ منی
نەمزانی دۆستی خەرکی
ماچی کچانم هەرزان کرد
دوازدەم هینا عانەکی
حەیفە ئەوها هەرزانی
ئەتوو لە بۆ کورێ خەرکی

* * *

هانایێت وەبەر دەبەم
دوورەمێن وەبەر پێغەمبەر

ئەوجا دەرێ رەبی ماری دەرویشی ویران بی
دەنگی برند دەکـــرد و هاواری دەکـــرد و دەســـــتی بەپێکەنینێ کردییە
ئەرێ دەرێ کورە مارت ویران بی
بەتو دەرێن لاسی ئەحمەد بەگی شارەزووری
ساحێبی دوازدە هەزار ماری جافی
ئەمن دونێ هێواریێ خەبەرم بەتو گەیاندی
ئەمگۆ ئەوەندە عومری لەسە ئەو گراوانەت راباردیە
هەمــووی بەزایەع رۆییــە وەبزانە دنیـات بەچاوی خۆت نەدیتییە
بەران ئەگەر بروا دەکەی بەو خالیقەی لەژۆری سەرییە
بەمن دەرێن مامە دەرویشی عەبدی
بەران خەزارە شۆری مەلا نەبییان سێ کارەکەری هەیە
ئەستێ و خوبی و رابییە
ئەگەر بروا دەکەی مارت ویران بی
ئەو سێ گراوەی تۆم هەر بەو سێ کارەکەران شپاندییە
ئەوجا دەرێ رەبی ماری لاسی ویران بی
کە گێتی لەدەرویشی دەبوو وەی پێگۆتییە
دنیا نەلاسی ویران بوو چاوی عـەردی نەدیت و هاواری کردییە
ئەرێ دەرێ کـــورە مـــارت ویران بی مـــامـــە دەرویشی عەبدییە
خوا غەزەبی لەتو گرتی
مادام وەتگۆتییە ئەمن لەبۆت دەپێچمەوە
باقە گوڵ و رەیحان و سوسن هەرارو بەیبوونی
لەبەر دەرکەی دیوانی جافی باوێ بنێ باغەرێ
ئەگەر دنیا بوو چوویەوە هۆبەی مەلا نەبی
بەدەستی خۆیدە خەزار شۆری مەلا نەبییان
برێ ئەوە لاسی ئەحمەد بەگی شارەزووری
ساحێبی دوازدە هەزار ماری جافی
لەبۆتوی لەوێرا بەدیاری ناردییە
ئەوجا دەرویش خۆی گران کردییە
دەرێ مارت ویران بی
بەرکو دەمرم ناگەمەوە هۆبەی مەلا نەبییان
بەران لەبەر دری توش داوێمە بنی باغەرێ
رەبی ماری لاسی ویران بی
کەشکۆری لەدەرویشی وەرگرتیـە
دوکەشکۆر زێری بەسەر ماریێ داگرتییە
ئەوجا دەرێ مارت ویران بی دەرویش
عیلاجی من لەدنیایێ دا چییە و کو دەگەمە وێ
ئەرێ دەرێ کورە مارت ویران بی
لاسی ئەحـمەد بەگی شـارەزووری ئەگەر بەمنیـشت بروا نییە
ئەگەر بروا دەکەی هێشتا لایەقەتی خەزاریم
لەبۆتو تەمام نەکردی
ئەتو وەرە بەچاوی خۆت خەزاریێ ببینە
بزانە ئەوعی خەزاریێ لەدنیاییێدا چییە
ئەرێ دەرێ کورە مارت ویران بی دەرویش
کو دەگەمە خەزارە شۆری مەلا نەبییە
دەرێ رەبی مارت ویران بی
لەتو وابی ئەو پاشازادەیە لەدنیایێ
هەر لەبۆ تۆوە لەبۆ کەسی دی نییە
مادام وابی لەبەر خۆکە بەرگەکی دەرویشی
کەشکۆرەکی باوێ ملێ
داروەکازەکی بەدەست وەبگرە بگەرێ لەدنیایێ
بپرسە لەهۆبەی مەلا نەبی
دایمەن بەدایم ماریێ مەلا نەبییان
رەشماریان لەسەر هەژدە تیرەگان هەردرابە
خەزارە شۆر لەبەر دەرگەی تاوریێ تاوریێ هەر وەسـتەی کردی
ئەوجا بە چاوی خۆت خەزاریێ ببینە
ئەگەر بروا دەکەی بەوخالیقەی لەژۆری سەری
ئەمن هێشتا مەتحی خەزاریم لۆ نەکردی )).

دوعـا بوونی لە لاسی خـواسـت و لێـیـدا بەرەو خـوار گـەراوە، دەرویش دوو کـەشکۆری زێری وەرگـرتیـیـە، لە هەورازان هاواری چاک و پیران دەکا، لە نشێوان کەسی بە بیرنییە، دێتە خواریێ لۆ هۆبەی مەلا نەبییە، دەرێ لەوەتی ئەوێ رۆژێ هۆبەی مـەلا نەبیـیـانیش، دەرویش رۆییـە، هەموو رۆژێ خەزار دێتە دەرێ دەست بە گریان دەکا.

دەرێ مـامـە دەرویشـمـان لە حوربانێ مـە، سـەری چەند سـارەت رابواردیە، ئەویش بزر بوو بی ئەسـەر رۆییـە، دەرن لۆ دەگـرتیی کـارکـەرو نۆکـەر، دەرێ لەبۆ مـامـە دەرویشی عەبدییە، مـارومنداری بێ سـاحێب ماوەی کەس ناگای لێ نییە.

# بیبلۆگرافیای كتێبی فۆلكلۆریی ناوچەی هەولێر ١٩٥٥-٢٠٠٥

بوار نورەدین

*** تەوەری یەكەم: ئەدەبی زارەكی**
* پەندو ئیدیۆم
* مەتەڵ
* پەخشان

**پەندو قسەی نەستەق (ئیدیۆم)**

**١- پەندی كوردی**
بەرگی یەكەم
كۆكردنەوەو لێكۆڵینەوە: عومەر شێخەڵلا دەشتەكی (چەتۆ)
**چاپ:** یەكەم، چ: كوردستان، ش: هەولێر، ژس: ٢٦٩، س: ١٩٧٢، لا: ١٠٠، ق: (١٧×٢٤)سم
**ناوەڕۆك:** پەندی كوردی، نزیكەی (٩٩٠) پەندو ئیدیۆمی كۆكردۆتەوەو بەپێی ریزبەندی ئەلفبێ رێكخراوە.

**٢- پەندی پێشینان لەشیعری كوردیدا**
**ئامادەكردنی:** كەریم شارەزا
لەچاپكراوەكانی كۆڕی زانیاری كورد
**چاپ:** یكەم، چ: كۆڕ، ش: بەغدا: ٩٨١، س: ١٩٧٦، لا: ١٧٥، ق: (١٧×٢٤)سم.
**ناوەڕۆك:** وشەیەك، پەندی پێشینان، فەرهەنگی پەندی پێشینان لەشیعری كوردیدا: بەپێی ریزبەندی وشەی سەرەتای پەندەكان كۆمەڵێك پەندی لەشیعری شاعیراندا دیاریكردووە، پێرستی شاعیران، سەرچاوەكان.

**٣- پەندی كوردی بەرگی دووەم**
**كۆكردنەوەو ئامادەكردنی:** عومەر شێخەڵلا عەلی
لەبلاوكراوەكانی دەزگای رۆشنبیری و بلاوكردنەوەی كوردی ژمارە (٩)
**چاپ:** یەكەم، چ: دار الحرية، ش: بەغدا، ژس: ١٤٠٩، لا: ١٧٦، ق (١٤×٢١)سم.
**ناوەڕۆك:** فۆلكلۆری كوردی، پەندی كوردی، (١٠) پەند بەگێڕانەوەی سەرگوزشتەكەیان، نزیكەی (١٠٣٧) پەندو ئیدیۆمی كۆكردۆتەوەو بەپێی ئەلف و بێ ریزبەندكراون.

**٤- پەندی بەراوردكاری لەنێوان ئینگلیزی و عەرەبی و كوردی**
**ئامادەكردن و لێكۆڵینەوەی:** كەریم شارەزا
بەیارمەتی ئەمینداریتی رۆشنبیری لاوان چاپكراوە
**چاپ:** یەكەم، چ: سەمیر وئەمیس، ش: بەغدا، ژس: ٦٢٦، س: ١٩٨٣، لا: ٥٠٤: ق:(١٧×٢٤)سم
**ناوەڕۆك:** وشەیەك، پەندی پێشینان و خاسیەتەكانی، قسەی نەستەق و پەندی پێشینان، پەندی پێشینان لەروانگەی دوو زانستەوە، پەندی

بەراوردکاری، پەندی بەراوردکاری لەنێوان ئینگلیزی و عەرەبی و کوردیدا، فەرهەنگی پەندی بەراوردکاری لەنێوان ئینگلیزی و عەرەبی و کوردیدا، دوا وتە.

**٥- پەندی کوردی بەرگی سێیەم**

**کۆکردنەوە و لێوردبوونەوەو ئامادەکردنی:** عومەر شێخەڵلا دەشتەکی

لەبلاوکراوەکانی دەزگای رۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی ژمارە (٢١)

**چاپ:** یەکەم، چ: دار الرسالة، ش: بەغدا، ژس: ١٥٩٢، س: ١٩٨٥، لا: ٨٥، ق: (١٧×٢٤)سم

**ناوەڕۆک:** پەندی کوردی، نزیکەی (٣١٠) پەندو ئیدیۆمی کۆکردنەوەو بەپێی ئەلفبێ ڕێزبەند کراون، فەرهەنگ.

**٦- پەندی کوردی بەرگی چوارەم**

کۆکردنەوەو **ئامادەکردن و نووسینی:** عومەر شێخەڵلا دەشتەکی

**چاپ:** یەکەم، چ: پاک، ش: هەولێر، ژس: ٣٤٧، س: ٢٠٠١، لا: ١٧٣، ق: (١٥×٢٠)سم

**ناوەڕۆک:** پەند، سەرهەڵدانی پەند، نزیکەی (١٤٠٠) پەندو قسەی نەستەقی پێشینان کە بەشێوەی ڕیزبەندی پیتەکان ڕیزکراون، چیرۆکی هەندێک لەپەندەکانی گێڕاوەتەوە.

**٧- دەستەواژەکانی مرۆڤ**

**ئامادەکردن و ڕیزبەندی:** دیدەوان یەعقوب

لەبلاوکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری بەڕێوەبەرێتی گشتیی چاپ و بلاوکردنەوە زنجیرە (٩٥)

**چاپ:** یەکەم، چ: و. رۆشنبیری، ش: سلێمانی، ژ س: ٢٩٠، س: ٢٠٠١، لا: ١٥٥، ق:(٢١×٢٨)سم

**ناوەڕۆک:** کتێبێکی جوان لەنووسینی: خالید جووتیار، بۆچی ئەم کتێبەو ئەم کتێبە بۆچی؟ بەکارهێنانی هەموو بەش و پێکهاتەکانی لەشی مرۆڤ لە (سەر، کەللە، مێشک، دەماغ، ناوچەوان و...هتد) لەئیدیۆم و پەندی هەموو شێوازەکانی زمانی کوردیدا و بەپێی دەستەواژەکان دەقەکانی جیاکردۆتەوە، کەنزیکەی (٣٠٠٠) دانەیە، ڕێبەری و ڕوونکردنەوە.

**٨- گوڵمێک لەگوڵستانی کوردستان-پەندی پێشینان**

**کۆکردنەوەو ئامادەکردنی:** حەمید گەردی

**چاپ:** یەکەم، چ: رۆشنبیری، ش: هەولێر، ژس: ٥٠٢، س: ٢٠٠٢، لا: ١٤٩، ق: (١٦×٢٢)سم

**ناوەڕۆک:** پێشەکی، کۆکردنەوەو ڕیزکردنی کۆمەڵێک پەندی کوردی بەپێی پیتەکان، ڕەگەز و هەندێ لەژیاننامەی نووسەر لە سەدەکانی نۆزدە تاکو کۆتایی سەدەی بیستەم.

**٩- مەسەلەکانی کوردەواری**

**ئامادەکردنی:** محەمەد کەریم شەریف

**ڕێکخستن و پێشەکیی و چاپکردنی:** عەبدوڵلا خدر مەولوود

**چاپ:** یەکەم، چ: منارە، ش: هەولێر، ژس: ٦٠٦، س: ٢٠٠٥، لا: ٢٤٠، ق: (١٥×٢٠)سم

**ناوەڕۆک:** پێشەکی، مەسەلەکانی کوردەواری، کۆکردنەوەی کۆمەڵێک پەندو مەسەلەو ڕێکخستنیان بەپێی ڕیزبەندی پیتەکان،پاشکۆ، سەرچاوەکان، کورتەیەک لەژیاننامەی مامۆستا محەمەد کەریم شەریف.

**١٠- فەرهەنگیی ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا**

**ئامادەکردنی:** عەبدولوەهاب کانەبی شەریف

لە بلاوکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری

**چاپ:** یەکەم، چ: ڕوون، ش: سلێمانی، ژس: ٦١٥، س: ٢٠٠٥، لا: ٢٧٠، ق: (١٦×٢٢)سم

**ناوەڕۆک:** پێشەکی، کۆکردنەوەی کۆمەڵێک ئیدیۆمی زمانی کوردی و ڕیزبەندکردنیان بەپێی پیتەکان.

سەرچاوەکان.

**١١- گەنجینە و کەلتووری کوردی**

پەندی کوردی

**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی:** حەمید گەردی

**چاپ:** یەکەم، چ: رۆشنبیری، ش: هەولێر، ژس: ٦٦٧، س: ٢٠٠٥، لا: ١٨١، ق: (١٧×٢٣)سم
**ناوەرۆک:** پێشەکی، کۆکردنەوەو ریزکردنی کۆمەڵێک پەندی کوردی بەپێی پیتەکان.
رەگەزو هەندێ لەژیاننامەی نووسەر لەسەدەکانی نۆزدە تاکو کۆتایی سەدەی بیستەم
**تێبینی:** ئەم کتێبە هەر کتێبی (گوڵمێک لەگوڵستانی کوردستان)ە کە لە (٢٠٠٢)دا بلاویکردۆتەوەو ئاماژەی بەچاپی دووەم نەکردووە.

*** مەتەڵ**

### ١٢- فۆلکلۆر

بەشی دووەم
کۆمەڵە بەرهەمێکی فۆلکلۆرییە
بەشداران: عومەر ئیبراهیم عەزیز، ئاواز سنجاوی، رۆستەم باجەلان، عەباس عەبدوللا یوسف، محەمەد کەریم شریف، سەدرەدین خۆشناو، خالد جووتیار
**چاپ:** یەکەم، چ: الحوادث، ش: بەغدا، ژس: ١٢٦٤، س: ١٩٨٥، لا: ٢٤٠، ق: (١٥×٢١)سم
**ناوەرۆک:** مەتەڵ و مەیل مەیلانێی کوردەواری، (٦٧) مەتەڵ، هەبوو نەبوو، مەتەڵ لەفۆلکلۆری کوردیدا، (١٩) مەتەڵ، بەشێکی تر لەپردێ باسان، فاتەکە، گۆرانی فۆلکلۆری لەناوچەی برادۆستدا، فەرهەنگۆک، دەرویشی زیکرو حەیرانیش.

### ١٣- مەتەڵ بۆ زاخاوی مێشک

**ئامادەکردنی:** شاخەوان عەلی محەممەد
لەبلاوکراوەکانی سەعدوللا شێخانی ژمارە (٢٤)
**چاپ:** یەکەم، چ: شەفیق، ش: بەغدا، ژس: ١٣٢٥، س: ١٩٩٠، لا: ٣٢، ق: (١٧×٢٤)سم
**ناوەرۆک:** پێشەکی، پێکهاتووە لە (٤٦) پرسیارو مەتەڵی جۆراوجۆر.

### ١٤- مەیل مەیلانێی کوردەواری

**کۆکردنەوەو ئامادەکردنی:** فەرهاد گۆمەشینی
**چاپ:** یەکەم، چ: !، ش: سلێمانی، ژس: ١٨٣، س: ٢٠٠٢، لا: ٤٤، ق: (١٥×٢١)سم
**ناوەرۆک:** دەسپێک، پێناسەیەک بۆ وشەی: مەیل، مەتەڵ، نزیکەی (٢٣١) مەتەڵ، پەراوێزو سەرچاوەکان.

### ١٥- ٧٧٧ مەتەڵی کوردەواری

بەرگی سێیەم
**ئامادەکردن و کۆکردنەوە:** هۆشیار نوری لەک
لەبلاوکراوەکانی (نواڵەی نوێ) زنجیرەی (٣)
**چاپ:** یەکەم، چ: !، ش: سلێمانی، ژس: ٣٢، س: ٢٠٠٤، لا: ٤٨، ق: (١١×١٧)سم
**ناوەرۆک:** مەتەڵ و سەردەم، بەر لەخوێندنەوە. (٧٧٧) مەتەڵی نووسیوەو بەپێی پیتی سەرەتای مەتەڵەکان ریزبەندی کردوون، سەرچاوەکان.

### ١٦-نۆسەدو پەنجاو پێنج مەتەڵی کوردەواری

بەرگی چوارەم، چاپی هەشتەم
**ئامادەکردن و کۆکردنەوەی:** هۆشیار نوری لەک
لەبلاوکراوەکانی (نواڵەی نوێ) زنجیرەی (١٥)
**چاپ:** یەکەم، چ: تیشک، ش: !، ژس: ٣٢، س: ٢٠٠٤، لا: ٤٤، ق: (١٥×٢١)سم
**ناوەرۆک:** مەتەڵ و سەردەم، بەر لەخوێندنەوە لەنووسینی: ئاری ئاغۆک، بەپێی ریزبەندی پیتەکان (٩٥٥) پەندی کۆکردۆتەوە.
**تێبینی:** ئەم نووسەرە لەئامادەکردن و رێکخستنی بەرگی کتێبەکانیدا، چەند هەڵەیەکی کردووە، چونکە هەر هەمان ژمارەی سپاردنی بەرگی یەکەم و دووەمی بۆ بەرگی سێیەم و چوارەم داناوە، هەروەها نۆبەتی چاپی هەموو بەرگەکانی بەسەریەکدا کۆکردۆتەوە.

### ١٧- بەرکووتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی

لێکۆڵینەوەو رەخنە
**کۆکردنەوەو ئامادەکردنی:** سەدرەدین نورەدین ئەبوبەکر
لەبلاوکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری و ئینستیوتی کەلەپووری کوردستان- هەولێر
**چاپ:** یەکەم، چ: و. رۆشنبیری، ش: هەولێر، ژ

س: ١٨٤، س: ٢٠٠٥، لا: ٢٦٤، ق:(١٦×٢٣)سم

**ناوەڕۆک:** فۆلکلۆر چییەو بابەتەکانی چین و بایەخیان چییە؟، تائێستا چ هەوڵێک بۆ کۆکردنەوەی فۆلکلۆری کوردی دراوە، ئایا راستە کورد لەفۆلکلۆردا دەوڵەمەندە؟، بۆ کورد لەفۆلکلۆردا دەوڵەمەندە؟، فۆلکلۆر پەرستی و نوێخوازی لەئەدەبدا، چۆن بەیەکەوە دەگونجێن؟، چی بۆ فۆلکلۆر بکرێت باشە، بەرکوتێکی هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوەی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، مەتەڵی فۆلکلۆری چییە؟، بایەخ و سوودی مەتەڵی فۆلکلۆری چییە؟ بۆ مەتەڵی فۆلکلۆریم هەڵبژارد؟، هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوەی لەمەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، نموونەی دەقی کوردی، بەراوردکردنی چەند مەتەڵێک، چەند سەرنجێک دەربارەی هەندێ مەتەڵی کوردی چاپکراو، چەپکێک گوڵاڵەی رەنگاورەنگ لەباخچەی مەتەڵی کوردیدا، ئۆرخانی غالب، مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی و پەیوەندی بەئەدەبی تەمومژاوی، رۆستەم باجەڵان کۆمەڵێک مەتەڵی کوردی (محەمەدی مەلا کەریم)، تێبینی و روونکردنەوە، پۆلێنکردن و دابەشکردنی دەقی مەتەڵەکان بەپێی بابەتەکانیان، مەتەڵی تایبەت بەئایین، چەند تێبینییەک، مەتەڵی تایبەت بەسرووشت، مەتەڵی تایبەت بەمرۆڤ و ئەندام و بەشەکانی لەشی مرۆڤ، مەتەڵی تایبەت بەجلوبەرگ و کەلوپەلی تایبەت بەمرۆڤ، کارکردن و کەرستەی کارکردن و کەلوپەلی دیکە، رووەک و بەروبووم و خواردەمەنی رووەکی، زیندەوەر و ئاژەڵ و بەروبوومی ئاژەڵی، بیرکاری و ژمارەیی، هەمەجۆر، وەڵامی لەخۆی، تەتەڵەی زمان (تێکەوتن، زمان خلیسکان)، چەند پرسیارێک سەرچاوەکان، سوپاس و پێزانین.

*** گۆرانی و هۆنراوە**

**١٨- ناسرو مارمار**

**کۆکردنەوەی:** محەممەد تۆفیق وردی

زنجیرەی پێشخستن و زیندوکردنەوەی ئەدەبی کوردی ژمارە (١)

**چاپ:** یەکەم، چ: مەعرفە، ش: بەغدا، ژس: !، س: ١٩٥٥، لا: ٢٢، ق: (١٤×٢١)سم

**ناوەڕۆک:** سەرەتا، چۆن ئەم کتێبەم چاپکرد!، بەندی ناسری کە لە (٦) بەش پێکهاتووە.

**١٩- بژار**

**کۆکردنەوەی:** رەسوڵ بێزار گەردی

**چاپ:** یەکەم، چ: دار المعرفة، ش: بەغدا، ژس: !، س: ١٩٥٧، لا: ١٠٦، ق: (١٤×٢٠)سم

**ناوەڕۆک:** سەرەتا لەنووسینی: محەممەد تۆفیق وردی، دەقی (٥٣) حەیران و (٣٦) گۆرانی تێدا نووسراوەتەوە، لەگەڵ هەندێک وێنە، سەرتاشی بەئاو.

**٢٠- شیلان و شلێر**

**کۆکەرەوەی:** رەسوڵ بێزار گەردی

**چاپ:** یەکەم، چ: دار التضامن، ش: بەغدا، ژس: !، س: ١٩٥٧، لا: ١٣٠، ق: (١٤×٢١)سم

**ناوەڕۆک:** پێشەکی لەنووسینی: عەبدوڵڵا عەباس، هۆنراوەی نزیکەی (١٢٠) گۆرانی.

**٢١- گوڵە مێلاقە**

**کۆکەرەوەی:** رەسوڵ بێزار گەردی

**چاپ:** یەکەم، چ: نەجاح، ش: بەغدا، ژس: !، س: ١٩٦٠، لا: ١٠٤، ق: (١٤×٢٠)سم

**ناوەڕۆک:** پێشەکی، هۆنراوەی کۆمەڵێک سروود و گۆرانی، (٤٠) دەقی حەیران و هەندێ گۆرانی و لاوک، لەگەڵ هەندێک وێنە.

**٢٢- فۆلکلۆری کوردی**

بەشی یەکەم، بەشی سۆرانی

مەبەستمان بووژاندنەوەی سامانی نەتەوایەتییە

**کۆکردنەوەو ئامادەکردنی:** محەممەد تۆفیق وردی

**چاپ:** یەکەم، چ: دار التضامن، ش: بەغدا، ژس:!، س: ١٩٦١، لا: ٦٤، ق: (١٤×٢١)سم

**ناوەڕۆک:** سەرەتا، بەیتی شەریف، کانەبی، هەر راوە راوە، سوارۆ، لەشکری، ئازیز، وەران، ئەسمەر خانی دەلالی، یاڵلا بێتە خوار، لاوژە، ئایشە گوڵ، بەیتی باپیراغای مەنگور.

**٢٣- فۆلكلۆری كوردی**
بەشی دووەم
بەیتی ئاورەحمان پاشای بەبە وتەی بوێژی بەرزی كورد عەلی بەردەشانی
**كۆكردنەوەی:** محەمەد تۆفیق وردی
**چاپ:** یەكەم، چ: التضامن، ش: بەغدا، ژس: !، س: ١٩٦١، لا: ٦٨، ق: (١٤×٢١)سم
**ناوەڕۆك:** عەلی بەردەشانی كێیە؟ بەكورتی سەرگوزەشتەی ئاورەحمان پاشای بەبە، بەیتی ئەورەحمان پاشای بەبە، لوور- دەلوور، بەشێوەی سۆرانی یان (حەسوو زەلم) لەفۆلكلۆری كوردەكانی سۆڤیەت وەرگیراوە.

**٢٤- بحث ودراسة عن الفولكلور الكردي**
دراسات ادبية
**نووسەر:** محەمەد تۆفیق وردی
**چاپ:** یەكەم، چ: الزعيم، ش: بەغدا، ژس: !، س: ١٩٦٣، لا: ٣٢، ق: (١٤×٢١)سم
**ناوەڕۆك:** لێكۆڵینەوە لەفۆلكلۆری جیهان لەنووسینی: حوسێن لەعل، هەندێ لەكۆیلە گۆرانییەكانی سۆزدار، فۆلكلۆری كوردی، كتێبی فۆلكلۆری مامۆستا حاجیی جندی، فۆلكلۆر باس لەچی دەكات؟، حەیران و لاوك.

**٢٥- گەنجینەی فۆلكلۆری كورد**
كۆمەڵێك لاوك و حەیران
**كۆكردنەوەی:** محەمەد مەلا كەریم
بەیارمەتی وەزارەتی كاروباری سەرەوە چاپكراوە
**چاپ:** یەكەم، چ: شەفیق، ش: بەغدا، ژس: !، س: ١٩٦٨، لا: ١١٢، ق: (١٧×٢٤)سم
**ناوەڕۆك:** پێشەكی، سەرەتایەكی كورت، دەقی (٢٥) لاوك و (٩٥) حەیرانی تێدا كۆكراوەتەوە.
تێبینی: لەپێشەكییەكەدا ئاماژە بەناوی ئەو كەسانە دەكات كەتێكستەكانی لێودرگرتوون، هەروەها دیارە كەتێكستەكان بەشێكن لەفۆلكلۆری دەشتی هەولێر.

**٢٦- فۆلكلۆری كوردی**
بەشی سێیەم و چوارەم
**كۆكردنەوەی:** محەمەد تۆفیق وردی
بەیارمەتی وەزارەتی كاروباری سەروو چاپكراوە
**چاپ:** یەكەم، چ: القضاء، ش: نەجەب، ژس: !، س: ١٩٧١، لا: ١٢٨، ق: (١٤×٢١)سم
**ناوەڕۆك:** سەرەتا، كۆمەڵێك گۆرانی فۆلكلۆری زۆربەی ناوچەكانی كوردستان وەك: بەیتی شەریف: سەربازی رەزا شا، بەشی فۆلكلۆری فەیلی: ئۆیەرێتی: دویت و لاو، هەندێك گۆرانی و هۆنراوەی ناوچەی خانەقین، هونەرمەندو بوێژی میللی كورد: كاك عوسمان هەمەوەندی، بەیتی كەریم و ستی، هەندێ چیرۆكی فۆلكلۆری.

**٢٧- فۆلكلۆری هۆنراوەكانی كوردەواری**
**كۆكردنەوەی:** محەمەد كەریم شەریف
بەیارمەتی وەزارەتی راگەیاندن، بەڕێوەبەرێتی گشتی رۆشنبیری كوردی چاپكراوە
**چاپ:** یەكەم، چ: الشمال، ش: كەركوك، ژس: ٤٠٢، س: ١٩٧٤، لا: ٢٦٨، ق: (١٧×٢٣)سم
**ناوەڕۆك:** سەرەتا، (٦٨) مەتەڵ، كۆمەڵێك هۆنراوەی گۆرانی فۆلكلۆری بۆ نەو كار و بالۆرە و...هتد، (٤٦) پەندی پێشینان، كۆمەڵێك بەستەو لاوك و حەیران، پەراوێزەكان، سوپاس، ناوەڕۆك.

**٢٨- سوارچاكی لەلاوكی كوردەواریدا**
**نووسەر:** محەمەد كەریم شەریف
بەیارمەتی دەزگای رۆشنبیری و بلاوكردنەوەی كوردی چاپكراوە
**چاپ:** یەكەم، چ: ئەسعەد، ش: بەغدا، ژس: ١٨٦، س: ١٩٧٨، لا: ١٩١، ق: (١٧×٢٣)سم
**ناوەڕۆك:** سەرەتا، لاوكی چەتۆ، میر مەحمودی كولەڤانی، نارنجی خاتون، لاوكی كولك و كەرۆ، لاوكی حەسەنێ والیكێ، فەرهەنگۆك.

**٢٩- داستان و گۆرانی لەفۆلكلۆری كوردیدا**
**نووسەر:** عومەر شێخەڵڵا دەشتەكی

بەیارمەتی ئەمینداریتی گشتی رۆشنبیری و لاوان چاپکراوە
**چاپ:** یەکەم، چ: سەلاحەددین، ش: هەولێر، ژس: ۷۷۰، س: ۱۹۷۸، لا: ۱۲۰، ق: (۱٦×۲۱)سم
**ناوەرۆک:** چیرۆک و رووداوی دمدم لەفۆلکلۆری کوردیدا، گێرانەوەی هەندێ لەداستانە فۆلکلۆرییەکان و کۆکردنەوەی دەقە فۆلکلۆرییەکان کە ئەمانەن: بەیتی خانی دمدم، بەسەرهاتی کەریم و ستی، عەلی بەردەشانی یەکەم، بەیتی یا شاهی شاهان، بەیت و لاوکی حەسەن و مریەم، بەیتی لەیل و مەجرووم، داستانی برایمی مەلا زێندینان، داستانی بەهرام و گوڵەندام، بەیتی بەهرام و گوڵەندام، شێخی عارەبی، کاوێسە مەلا، سەیدەوان، شێخ مەحموودی نەبەز، رۆژێ لەرۆژان، سیامەندو خەجێ، نزیکەی (۱٦) بەند و گۆرانی فۆلکلۆری دیکە، فەرهەنگۆک، سوپاس.

**۳۰- ئاوازی بەجۆش**
گۆرانی و فۆلکلۆری کوردی
**کۆکەرەوەی:** تاهیر تۆفیق
بەیارمەتی ئەمینداریتی گشتی رۆشنبیری و لاوان چاپکراوە
**چاپ:** ۱، چ: شارەوانی، ش: هەولێر، ژس: ٦٥٤، س: ۱۹۷۸، لا: ٦٤، ق: (۱۷×۲۲)سم
**ناوەرۆک:** پێشەکی، هۆنراوەی (٥٤) گۆرانی هەمەجۆر واتە فۆلکلۆر و هۆنراوەی شاعیرانی کورد.
**تێبینی:** هونەرمەند تایەر تۆفیق کتێبێکی دیکەی بلاوکردۆتەوە لەساڵی (۱۹٦۷)دا بەناوی (گۆرانی و هەڵپەرکێ) کە لەبەشی دووەم دانراوەو نزیکەی (۲٥) هۆنراوەی گۆرانی فۆلکلۆری تێدایەو هەندێکیان لەم کتێبەی تردا دووبارە نووسیوەتەوە.

**۳۱- مەقامەکانی سێوەی هونەرمەندی کورد لەتەرازووی رەسەنایەتی دا**
**نووسەر:** کەریم شارەزا
لەبلاوکراوەکانی ئەمینداریتی گشتی رۆشنبیری و لاوان
**چاپ:** یەکەم، چ: حسام، ش: بەغدا، ژس: ۱۳۳۳، س: ۱۹۸۲، لا: ۲٤۰، ق: (۱۷×۲٤)سم
**ناوەرۆک:** وشەیەک، ئاوازو گۆرانی کوردی، کۆیەو کاروانی ئاوازو گۆرانی کوردی، (مەربێن)ی مامۆستای بلیمەتی مەقامی کوردی، سێوەی مەقامبێژی هونەرمەند، چالاکییە هونەرییەکانی سێوە لەکڵێسای کۆیەدا، کۆمەڵێک هۆنراوەی گۆرانی و مەقامەکانی، لێکۆڵینەوەیەک لەدەقە ئەدەبییە فۆلکلۆرییەکانی، مەقامەکانی سێوەی هونەرمەند لەتەرازووی رەسەنایەتیدا، پاشکۆ (شیتەڵکردنی چەند مەقامێکی سێوە) لەنووسینی: ئەنوەر قەرەداغی، سەرچاوەکان، ئەو کەسانەی سوودیان لێوەرگیراوە بۆ ئەم کتێبە.

**۳۲- کورە کەچەڵە و چەند پارچە شیعری فۆلکلۆری**
**کۆکردنەوە و نووسینی:** تاریق سدیق حەمەئەمین
**چاپ:** یەکەم، چ: الحوادث، ش: بەغدا، ژس: ۹۱٥، س: ۱۹۸۳، لا: ۷۸، ق: (۱٥×۲۱)سم
**ناوەرۆک:** پێشەکی، چیرۆکی کورە کەچەڵە یاخود هەیاسی دورناس، چەند پارچە هۆنراوەیەکی فۆلکلۆری، بەیتی کورە کەچەڵە بەچەند گێرانەوەیەک، بەیتی گوڵخاتر، قەڵای دمدم، بەیتی بارام، فەرهەنگۆک.

**۳۳- محەمەد و سێوێ و سورمێ خان و خورشیدێ چاو بەخار دوو تراژیدی فۆلکلۆری کوردی**
**ئامادەکردنی:** تاریق جامباز
بەیارمەتی ئەمینداریتی رۆشنبیری و لاوان چاپکراوە
**چاپ:** یەکەم، چ: ئەسعەد، ش: بەغدا، ژس: ۷۳٤، س: ۱۹۸۳، لا: ۲٤۰، ق: (۱۷×۲۱)سم
**ناوەرۆک:** وشەیەکی پێویست، هەردوو لاوکەکەی لەسەر دەنگی هونەرمەند (حەسەن سیساوە) بەبێ دەستکاری نووسیوەتەوە، پەراوێز، فەرهەنگۆک.

**۳٤- بەیتی ئایشە گوڵ**
ئایشە گوڵ و لەشکری
**کۆکردنەوەو ئامادەکردنی:** ئەسعەد عەدۆ

لەچاپکراوەکانی ئەمینداریتی گشتیی رۆشنبیریی و لاوان ژمارە (٣)

**چاپ:** یەکەم، چ: دار الافاق عربیە، ش: بەغدا، ژ س: ١١٤٨، س: ١٩٨٣، لا: ٤٥، ق: (١٢×١٦)سم

**ناوەرۆک:** پێشەکی، بەیتی ئایشە گوڵ، بەیتی لەشکری، پەراوێزی شوێن و ناوەکان، فەرهەنگۆک.

**٣٥- لیرەیەک لەگەنجینەی نەتەوەی کورد**

ئامادەکردن و لێدوانی: ئەسعەد عەدۆ

بەیارمەتی ئەمینداریتی گشتی رۆشنبیری و لاوان چاپکراوە

**چاپ:** یەکەم، چ: عەلا، ش: بەغدا، ژس: ١٥٥١، س: ١٩٨٣، لا: ١٢٨، ق: (١٧×٢٤)سم

**ناوەرۆک:** پێشکەش، لەهەگبەی فۆلکلۆر پەروەرێک، حەیران، ئاوڕدانەوەیەک لەحەیران، بەیتی شۆڕ مەحموود، دەورکردنەوەیەکی سەرپێیی لەعلی خان، هەقایەتی ناسرو ماڵماڵ، هەقایەتی لاس و خەزاڵ، بورجی بەڵەک، مام دەرویش، فەرهەنگۆک، سەرچاوە: جگە لەوەی سوودی لەکۆمەڵێک خەڵک وەرگرتووە: سوودی لەدەنگی هەردوو هونەرمەند: محەممەد گۆران و عوسمان هەمەوەندیش وەرگرتووە، بۆ ئەم ناوە، تێبینی: بەشێوازی گێڕانەوەو لێکدانەوە لەگەڵ هێنانەوەی کۆیلە کۆیلەی دەقەکان نووسراوە.

**٣٦- فۆلکلۆر**

کۆمەڵە بەرهەمێکی فۆلکلۆرییە

بەشی یەکەم

بەشداران: خالد جووتیار، عەباس عەبدوڵلا یوسف، سەدرەدین خۆشناو

**چاپ:** یەکەم، چ: الحوادث، ش: بەغدا، ژس: ١٤٨١، س: ١٩٨٤، لا: ٦٢، ق: (١٥×٢١)سم

**ناوەرۆک:** سەرسەدەی داستانی کوردی، زاراوەی کوردەواری: خالد جوتیار، یاری من، جەلەبۆ، ئەمینم، مەتەڵ، فەرهەنگۆک: عەباس عەبدوڵلا یوسف، گۆرانی فۆلکلۆری لەناوچەی برادۆستدا: صدرالدین خۆشناو.

**٣٧- سێ بەیتی فۆلکلۆری**

**کۆکردنەوەو ئامادەکردنی:** جەلال مەلا حەسەن خۆشناو

**چاپ:** یەکەم، چ: سەرکەوتن، ش: سلێمانی، ژس: ١٢٨٥، س: ١٩٨٤، لا: ٤٢، ق: (١٧×٢٤)سم

**ناوەرۆک:** بەسەرهاتی خدرو زێڕین، بەیتی خدرو زێڕین، پەراوێزو فەرهەنگۆک، لاس و خەزار، ئەحمەد بەگی شارەزووری، بەیتی لاس و خەزار، پەراوێزو فەرهەنگۆک، بەسەرهات و بەیتی برایمی مەلا زێندینی، دەقی بەیتی برایمی مەلا زێندینی، پەراوێزو فەرهەنگۆک، سەرچاوەکان، سوپاس.

**٣٨- گوڵبژێرێک لەفۆلکلۆری کوردیدا**

**ئامادەکردنی:** سەعدوڵلا ئیسماعیل شێخانی

**چاپ:** یەکەم، چ: ئیرشاد، ش: بەغدا، ژس: ١١٨٢، س: ١٩٨٥، لا: ١١٢، ق: (١٧×٢٣)سم

**ناوەرۆک:** پێشەکی، نزیکەی (٣٦) هۆنراوەی گۆرانی فۆلکلۆری شایی و هەڵپەرکێ، تاکە دێرە فۆلکلۆری، هەندێ سێ خشتەکی، بەیتی (کتک)، مەتەڵ بەشێوەی هۆنراوە: (٨٠) مەتەڵی هۆنراوەیی، مەتەڵ بەشێوەی پەخشان: (٧٨) مەتەڵی پەخشانی، کۆمەڵێک مەتەڵ بەشێوەی سەرلێشێواندن، بالۆرە بۆ منداڵ، (١٦) جۆر یاری فۆلکلۆری، فەرهەنگۆک.

**٣٩- فۆلکلۆری کوردی**

**کۆکردنەوەی:** سەعدوڵلا ئیسماعیل شێخانی

زنجیرەی کەلەپووری نەتەوایەتیمان ژمارە (١)

بەیارمەتی ئەمینداریتی گشتی رۆشنبیری و لاوان چاپکراوە

چاپی یەکەم، چ: عەلا، ش: بەغدا، ژس: ٣٠١، س: ١٩٨٥، لا: ١١٩، ق: (١٧×٢٤)سم

**ناوەرۆک:** پێشەکی، سەرەتا، هۆنراوەی (٥٠) گۆرانی فۆلکلۆری کوردی، فەرهەنگی شوێنەکان، سەرچاوەکانی کۆکردنەوەی ئەم بەرهەمە.

**٤٠- چەپکێ هۆنراوەی فۆلکلۆری دەشتی هەولێر**

**کۆکردنەوەی:** هیمدادی حوسێن

بەیارمەتی ئەمینداریتی گشتیی رۆشنبیری و لاوانی ناوچەی کوردستان چاپکراوە

**چاپ:** یەکەم، چ: الحوادث، ش: بەغدا، ژس: ١٣٥٠، س: ١٩٨٦، لا: ١٤٤، ق: (١٥×٢٢)سم

**ناوەڕۆک:** پێشکەشکردن، پەسەند لەنووسینی: کامەران موکری، بەرایی، نزیکەی (٥٠) هۆنراوەی گۆرانی فۆلکلۆری، فەرهەنگۆک، ناوی کەسەکان، سوپاسنامە، دەربارەی نووسەر.

**٤١- چیرۆک و بەیتی لاس و خەزاڵ و زەمبیل فرۆش**

زنجیرەی کەلەپووری نەتەوایەتیمان (٣)

**کۆکردنەوەو ئامادەکردنی:** سەعدوڵلا شێخانی

بەیارمەتی ئەمینداریێتی ڕۆشنبیری و لاوان چاپکراوە

**چاپ:** یەکەم، چ: ئەسعەد، ش: بەغدا، ژس: ١٢٣٧، س: ١٩٨٦، لا: ١٠٦، ق: (١٧×٢٤)سم

**ناوەڕۆک:** پێشەکی، عوسمان هەمەوەند کێیە؟، چیرۆکی لاس و خەزاڵ، بەیتی لاس و خەزاڵ، چیرۆکی زەمبیل فرۆش، چیرۆکەکە، بەیتی زەمبیل فرۆش، فەرهەنگی وشە، فەرهەنگی شوێن و کەسەکان، سوپاس و پێزانین، ئەم بەرهەمە لەگەڵ ئەم کتێبانە بەراورد کراوە.

**٤٢- فۆلکلۆری هۆنراوەکانی کوردەواری**

**کۆکردنەوەی:** محەمەد کەریم شەریف

**لەچاپدانەوەو خستنەسەری:** سەعدوڵلا شێخانی

بەیارمەتی ئەمینداریێتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوان چاپکراوە

**چاپ:** دووەم، چ: الحوادث، ش: بەغدا، ژس: ١٣٧٧، س: ١٩٨٦، لا: ١٨٣، ق: (١٧×٢٤)سم

**ناوەڕۆک:** سەرەتا، پێشەکی چاپی دووەم، هەمان بابەتەکانی چاپی یەکەم و خستنەسەری کەمێک دەقی نوێ.

**٤٣- ئەفسانە لاوک... گۆرانی لەفۆلکلۆری کوردیدا**

**ئامادەکردنی:** ئەسعەد عەدۆ

بەیارمەتی ئەمینداریێتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوانی ناوچەی کوردستان لەچاپدراوە

**چاپ:** یەکەم، چ: ڕۆشنبیری، ش: هەولێر، ژس: ٢٣١، س: ١٩٨٧، لا: ١١٥، ق: (١٥×٢١)سم

**ناوەڕۆک:** هەقایەتی دوو برا، کچە گاوان، بوارو سمۆ، دەروێشی عەبدی، ئازیز، ئەسمەرێ، پاییز، نیوەشەو، وەدران، بەستە، توورگە، فەرهەنگۆک، پەراوێزەکان.

**٤٤- سەربردەی کۆمەڵە حەیرانبێژێکی کورد**

بەرگی یەکەم

**کۆکردنەوەو ئامادەکردنی:** سەعدوڵلا ئیسماعیل شێخانی

زنجیرەی کەلەپووری نەتەوایەتیمان ژمارە (٥)

**چاپ:** یەکەم، چ: ئەسعەد، ش: بەغدا، ژس: ١٩٤٥، س: ١٩٨٨، لا: ١٨٨، ق: (١٦×٢٤)سم

**ناوەڕۆک:** پێشکەشە، پێشەکی، شەوانی جاران، کورتەیەک لەژیان و غوونە لەحەیرانی (٣٨) حەیرانبێژی نووسیوە لەگەڵ هەندێ بابەت وەک: گازینۆی مەچکۆ، تۆمارگاکانی هەولێر، شمشاڵ و نایەو زوڕنا ژەنەکان، لێدوان لەبابەتی حەیران: لوقمان بەرزنجی، نۆتەی مۆسیقا لەلایەن لوقمان جەوهەر، فەرهەنگۆک، سەرچاوەکان، پەسەند، حەیرانبێژان و سەعدوڵلا شێخانی، فۆلکلۆر پەروەران، دوا وتە، بەرهەمە چاپکراوەکانی نووسەر، سوپاس و پێزانین.

**٤٥- دیوانی حەیرانبێژان**

بەرگی یەکەم

**کۆکردنەوەو ئامادەکردنی:** ئەحمەد حەیران

بەیارمەتی ئەمینداریێتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوان چاپکراوە

**چاپ:** یەکەم، چ: ئەسعەد، ش: بەغدا، ژس: ٨٤٢، س: ١٩٨٨، لا: ١٤٤، ق: (١٧×٢٤)سم

**ناوەڕۆک:** پێشەکی، حەیران چییە؟، جۆرەکانی حەیران، گرنگی حەیران لەچیدایە؟ مستەفا کۆر خۆشناوی: کورتەیەک باسی ژیان و (٦٠) حەیرانی دەنگی ئەو هونەرمەندە، عوسمان حەیران سنجاوی: کورتەیەک باسی ژیان و (٣١) حەیران و کۆمەڵێک

بەستەو لاوک، خدر حەیران: کورتەیەک باسی ژیان و (١٧) حەیرانی ئەو هونەرمەندە، فەرهەنگۆک، سەرچاوەکان، تێبینی.

**٤٦- سەرەتایەک بۆ حەیران و کورتەیەک لەژیانی حەمەد بەگی**

**ئامادەکردن و نووسینی:** غەفوور مەخمووری

**چاپ:** یەکەم، چ: الحوادث، ش: بەغدا، ژس: !، س: ١٩٨٩، لا: ٣٢، ق: (١٧×٢٤)سم

**ناوەڕۆک:** پێشەکی، حەیران، حەیران و مێژوو، حەیران و جوگرافیا، حەیران و ئایین، حەیران و داشۆرین، فەرهەنگی حەیران، مەڵبەندی حەیران، حەمەد بەگی کێیە؟ ئەنجام، فەرهەنگۆک، پەراوێز.

**٤٧- ئامێرەکانی مۆسیقای کوردی**

**نووسەر:** وریا ئەحمەد

لە بلاوکراوەکانی ئەمینداریتی گشتیی رۆشنبیری و لاوان

**چاپ:** یەکەم، چ: رۆشنبیری، ش: هەولێر، ژس: ١٤٠٩، س: ١٩٨٩، لا: ٢٢٣، ق: (١٦×٢٣)سم

**ناوەڕۆک:** پێشەکی، سەرەتایەک بۆ بارودۆخی ئەمڕۆی مۆسیقاو مۆسیقاژەنی کورد، زانیارییەکانی ئەم کتێبەم لە چ سەرچاوەیەکەوە وەرگرتووە....؟، دابەشکردن یاخود بابەتکردنی ئامێرەکانی مۆسیقا، ئامێرەکانی رەزم و کوتان، ئامێرەکانی فوو، ئامێرەکانی ژێدار، کۆتایی و سوپاس، سەرچاوە کوردییەکان، سەرچاوە عەرەبییەکان، پاشکۆ (فایلەکان).

**٤٨- بناری قەرەچووغ**

**کۆکردنەوەی:** غەفوور مەخمووری

لەبلاوکراوەکانی سەعدوڵلا شێخانی ژمارە (٢٨)

**چاپ:** یەکەم، چ: الامە، ش: بەغدا، ژس: ١٤٥٢، س: ١٩٩٠، لا: ٤٣، ق: (١٧×٢٤)سم

**ناوەڕۆک:** چرپەیەک، هۆنراوەی (٢٤) گۆرانی فۆلکلۆری ناوچەی هەولێر، (١٢) حەیران.

**٤٩- حەیران و مەرگی غەریبان**

**ئامادەکردنی:** سەعدوڵلا شێخانی و خالید جووتیارو ئامیق هاوکار

لەبلاوکراوەکانی سەعدوڵلا شێخانی ژمارە (٢٩)

**چاپ:** یەکەم، چ: الحوادث، ش: بەغدا، ژس: !، س: ١٩٩٠، لا: ٦٤، ق: (١٨×٢٤)سم

**ناوەڕۆک:** لەچەند بابەتێک پێکهاتووە: دەروازەیەک بۆ حەیران، حەیران و شێوەکانی، جۆرەکانی حەیران، هەندێ حەیرانبێژی بەناوبانگ، دەف و دەرویش و حەیران، سۆزو حەیران، حەیران لەرووی مۆسیقاوە لەنووسینی: ئامانج غازی رەواندزی و نووسینەوەی هەندێ لە ئاوازەکان بە نۆتە.

**٥٠- سێسەد هۆنراوەی فۆلکلۆری کوردی**

بەرگی یەکەم

**کۆکردنەوەو ئامادەکردنی:** سەعدوڵلا شێخانی

**پێداچوونەوەی:** فازیل شەورۆ

زنجیرەی کەلەپووری نەتەوایەتیمان ژمارە (٦)

**چاپ:** یەکەم، چ: الحوادث، ش: بەغدا، ژس: ٣٥، س: ٢٠٠٠، لا: ٢٠٠، ق: (١٦×٢٤)سم

**ناوەڕۆک:** پێشەکی، سێسەد هۆنراوەی گۆرانی فۆلکلۆری، کەسانی سەرچاوەی هۆنراوەکان، فەرهەنگۆک، سوپاس و پێزانین.

**٥١- لاوک**

زنجیرەی کەلەپووری نەتەوایەتی

**نووسەر:** جەلال مەلا حسەن خۆشناو

**چاپ:** یەکەم، چ: ئەسعەد، ش: بەغدا، ژس: ٢٦٥، س: ١٩٩٠، لا: ٦٨، ق: (١٥×٢١)سم

**ناوەڕۆک:** پێشەکی، سترانبێژی بەهرەمەند: حەمە ئاغا مەندۆ (١٩٠٠-١٩٥٩) و نووسینەوەی چوار لاوک، هونەرمەندی کورد شەریفە ئاغای هەرکی: شەرۆ (١٨٩٥-١٩٥٧) نووسینەوەی (١٨) لەلاوکەکانی، فەرهەنگۆک، سەرچاوەکان.

**٥٢- مەم و زین**

لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندن

**نووسەر:** عەلی فەتاح دزەیی

لەبلاوکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری بەڕێوەبەرێتی

گشتی رۆشنبیری و هونەر ژمارە (٢)
**چاپ:** یەکەم، چ: رۆشنبیری، ش: هەولێر، ژس: ٢١٨، س: ١٩٩٧، لا: ١٢٥، ق: (١٦×٢٢)سم
**ناوەرۆک:** پێشەکی، سەرەتایەکی مێژوویی، داستانی مەمی ئالان، مەم و زین و بەراوردکردنی لەگەڵ داستانی مەمی ئالاندا، لێکدانەوەی بیروباوەڕی خانی، بابەتی ناوەڕۆک و فۆرمی مەم و زین، هونەرەکانی بەلاغەت (رەوانبێژی) لەمەم و زیندا، کۆتایی، سەرچاوەکان، نووسەر لەچەند دێرێکدا.

### ٥٣- باڵەبان
**نووسەر:** وریا ئەحمەد
لەبلاوکراوەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری و هونەر ژمارە (٥)
**چاپ:** یەکەم، چ: رۆشنبیری، ش: هەولێر، ژس: ٢١٩، س: ١٩٩٧، لا: ١٨٠، ق: (٢١×٣١)سم
**ناوەرۆک:** لە (٤) بەش پێکهاتووەو هەر بەشێک پێشەکیی لەگەڵدایە، نووسینەوەی هۆنراوەو ئاوازی (٦٨) گۆرانی فۆلکلۆری و کەلەپووری کورد، بۆ ئاگاداری، کۆتایی و ئەنجام، فایلەکان، سوپاس، پێرست.

### ٥٤- رێ و رەسمی شین و لاواندنەوەی کوردی
نووسینی: د.شوکریە رەسوڵ
**چاپ:** یەکەم، چ: کریستاڵ، ش: هەولێر، ژس: ٢٠٢، س: ١٩٩٧، لا: ١٤٩، ق: (١٦×٢٢)سم
**ناوەرۆک:** پێشەکی، هەندێ بابەت وەک: گرنگی ئەم بابەتە، رووخساری لاواندنەوەو شینی کوردی، دۆخەکانی مردن، دابونەریتی مردوو ناشتن، چۆنیەتی خواردن ئامادەکردن لەماڵی مردوو، لاوانەوە، جۆرەکانی شین و لاواندنەوە لەفۆلکلۆری کوردیدا، نەخشەی بەشەکانی فۆلکلۆری کوردی، هەندێ بابەتی دیکە، ئەنجام، سەرچاوەکان.

### ٥٥- داستان و گۆرانی لەفۆلکلۆری کوردیدا
**نووسەر:** عومەر شێخەڵلا دەشتەکی
لەچاپکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (٢٧)
**چاپ:** یەکەم، چ: رۆشنبیری، ش: هەولێر، ژس: ٢١٠، س: ١٩٩٨، لا: ٢٤٨، ق: (١٦×٢٣)سم
**ناوەرۆک:** چیرۆک و رووداوی دمدم لەفۆلکلۆری کوردیدا، گێڕانەوەی هەندێ لەداستانە فۆلکلۆرییەکان و کۆکردنەوەی دەقە فۆلکلۆرییەکان کەئەمانەن: بەیتی خانی دمدم، بەسەرهاتی کەریم وستی، عەلی بەردەشانی یەکەم، بەیتی یا شاهی شاهان، بەیت و لاوکی حەسەن و مریەم، بەیتی لەیل و مەجروم، داستانی برایمی مەلا زێندینان، داستانی بەهرام و گوڵەندام، بەیتی بەهرام و گوڵەندام، شێخی عارەبی، کاوێسە مەلا، سەیدەوان، شێخ مەحموودی نەبەز، رۆژێ لەرۆژان، سیامەندو خەجێ، (٦٥) گۆرانی و هۆنراوە، باڵۆرە، مێژووی زاربێستی دەشتی هەولێر، دەقی (١١٥) حەیرانی دەشتی هەولێر، وشەو زاراوەی بەهەڵە نووسراو، ئەنجام، هەندێ بابەتی دیکە.
تێبینی: ئەم کتێبە هەر هەمان کتێبە کە لەساڵی (١٩٧٨) چاپیکردووە: بەڵام دووبارە چاپیکردۆتەوەو دەقی نوێی تێکردووە.

### ٥٦- رەزمەکانی مۆسیقای کوردی
**نووسەر:** جان تۆماس کۆیی
لەچاپکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (٧٤)
**چاپ:** یەکەم، چ: رۆشنبیری، ش: هەولێر، ژس: ٢١٢، س: ١٩٩٨، لا: ٤٨، ق: (١٢×١٦)سم
**ناوەرۆک:** پێشەکی، رەزم و ئامێرەکانی لەمێژوودا، ئایین و مۆسیقا، کوردو مۆسیقا و رەزم، کێشی رەزمەکانی مۆسیقای زمانی کوردی، سەرچاوەکان، ژیاننامەی نووسەر.

### ٥٧- حەیران
دڵم دایەن لەهەولێرێ
**نووسەر:** خالید جووتیار
**چاپ:** یەکەم، چ: !، ش: کۆیە، ژس: !، س: ٢٠٠٠، لا: ٣٢، ق: (١٥×٢١)سم
**ناوەرۆک:** حەیران، یادێکی جوان، کۆمەڵێک

حەیران و بیرەوەری و پێشنیار بۆ فیستیڤاڵی حەیران و حەیرانی ژنانەو...هتد، کە بەکورتی باسیان دەکات.

**٥٨- بەرنامەی لە کەلەپوورەوە**

ئامادەکردن و پێشکەشکردنی: ئەسعەد عەدۆ

**چاپ:** یەکەم، چ: !، ش: هۆڵەندا، ژس: !، س: ٢٠٠٠، لا: ٢٠٤، ق: (١٥×٢١)سم

**ناوەڕۆک:** پوختەی بەرنامەی (لەکەلەپوورەوە)ی ئەسعەد عەدۆ کە بۆ ماوەی سێ ساڵ و حەوت مانگ و نۆزدە ڕۆژ، (٨٤) زنجیرەی لێ پێشکەش کراوە لە تەلەفزیۆنی کەرکوک لە ڕێکەوتی (١٩٨٧/٥/١٣) یەکەم بەرنامەی پێشکەشکراوە، هەندێ لەناوەڕۆکی کتێبەکە: هۆنراوەی میللی، حەیران، بەرنامە لەهۆنراوەی میللیی بینەراندا، هەمەجۆر، ناوی بەشداربووان و هاوڕێیانی بەرنامە، ناوی ئەو کەسانەی، کە دیاری فۆلکلۆرییان بۆ بەرنامە ناردووە.

**٥٩- حەیران**

چەمک، ناوەڕۆک، سەرهەڵدان

**نووسەر:** غەفوور مەخمووری

لەبڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس ژمارە (٥٧)

**چاپ:** یەکەم، چ: و.پەروەردە، ش: هەولێر، ژس: ٢٠٤، س: ٢٠٠١، لا: ٩٥، ق: (١٢×١٧)سم

**ناوەڕۆک:** پێشەکی، پێناسەی حەیران، لەهەگبەی حەیراندا، جۆرەکانی حەیران، حەیران لەرووی فۆرمەوە، حەیران لەرووی ناوەڕۆکەوە، سەردەمی سەرهەڵدانی حەیران، مەڵبەندی سەرهەڵدانی حەیران، ئەنجام، سەرچاوەکان، پاشکۆکان.

**٦٠- لاس و خەزاڵ**

**کۆکردنەوەو لێکۆڵینەوە:** پیرداود مەخموری

**چاپ:** یەکەم، چ: هەولێر، ش: بەغدا، ژس: ١٠٦، س: ٢٠٠٢، لا: ٩٦، ق: (١٥×٢٠)سم

**ناوەڕۆک:** پێشەکی، چەند سەرە قەڵەمێک، بەیتی لاس و خەزاڵ، کە نووسەر لەلاپەڕە (٨)دا دەڵێ: ئەم بەیتەم لەسەر دەنگی بەیتبێژ (قادر خۆخێ) وەرگرتووە.

**٦١- جۆرەکانی گۆرانی کار لەدەشتی هەولێر**

توێژینەوەیەکی شیکاری

**دانانی:** هەنگاو ئەنوەر شێخانی

**بەسەرپەرشتی:** ع.ج. سەگرمە

لەبڵاکراوەکانی ئینستیتوتی کەلەپووری کورد ژمارە (٣)

**چاپ:** یەکەم، چ: شڤان، ش: سلێمانی، ژس: ٢٩٠، س: ٢٠٠٣، لا: ١٨١، ق: (١٤×٢٠)سم

**ناوەڕۆک:** پێشەکی، دەروازەی بابەتەکە، شیکردنەوەی گۆرانییەکانی کار، ئەنجامی توێژینەوەکە، پێناسەی کتێبەکە بەزمانی عەرەبی و ئینگلیزی، لەسەر بەرگی پشتەوە نووسراوە: ئەم کتێبە توێژینەوەیەکی مەیدانی شیکارییە لە (گۆرانییەکانی کار)ی دەشتی هەولێر دەکۆڵێتەوەو (٣٩) گۆرانی کەلەپووری کوردی تێدا شیکراوەتەوەو جۆرەکانی دەنگەوازو چواریلە و میانەی گۆرانییەکان دیاریکراون.

**٦٢- پیرە هەولێر**

لێکۆڵینەوە

**نووسەر:** پیرداود مەخمووری

**چاپ:** یەکەم، چ: منارە، ش: هەولێر، ژس: ٣٣٧، س: ٢٠٠٤، لا: ١٦٠، ق: (١٦×٢٣)سم

**ناوەڕۆک:** چەند خۆزگەیەکی ئەتنۆگرافی، هەولێر... خان و حەسار، هەولێر هەولێرە سەری قەراتە بنی باژێرە، حەسحەس... پاسەوانی شەو...، شایی و سەمای هەولێریانی، دەقێکی بڵاونەکراوەی زەمبیل فرۆش، دەقێکی بڵاونەکراوەی بەیتی سەیدەوان، کەریم و ستی... بەیتێکی فۆلکلۆری، هەولێر لەکۆڕو مەجلیسی حەیرانبێژاندا، ڕۆمانی خاک و چەوسانەوە یان فەرهەنگی...، فەرهەنگی وشەو دەنگ و زاراوەی کوردی، مرۆڤ و دەوروبەر لەپەند کینایەی کوردیدا، شەرت نییە بچییە هەوێ، شەرتە لەهەوێ بێیەوە، کاریگەری گۆڤاری رووناکی.

**٦٣- کێش و ریتمی شیعری فۆلکلۆری کوردی**

**نووسەر:** د.محەممەد بەکر

لەبڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

ئاراس ژمارە (٢٤٩)
**چاپ:** یەكەم، چ: و.پەروەردە، ش: هەولێر، ژس: ٩٩، س: ٢٠٠٤، لا: ٢١٣، ق: (١٥×٢٢)سم
**ناوەڕۆك:** پێشباس، هەوڵێك بۆ ساغكردنەوەی هەندێ لایەنی تیۆری، هەندێ سەرنجی گشتی لەبارەی كێش و ریتمەوە، سەرەتایەكی پراكتیكی بۆ پۆلێنكردنەوە، بنیاتی ریتم لەشیعری فۆلكلۆری كوردیدا، پاشباس، ئەنجامەكان، پاشكۆكان.

### ٦٤- لاوك و حەیران

لێكۆڵینەوە
**نووسەر:** ئەسعەد عەدۆ
ژمارەی لاپەڕە (٨٨)ی قەبارە (١٥×٢١)سم
ئەم كتێبە هیچ زانیارییەكی تێدا تۆمارنەكراوە، بەڵام پێشەكی كتێبەكە لەساڵی ١٩٨٧دا نووسراوە.
**ناوەڕۆك:** پێشەكی، ئافرەت و دڵداری لەدوو لاوكدا، سەربردەو لاوكی دەروێشی عەبدی، سەربردەو لاوكی بوارۆو سمۆ، ناوەڕۆكی لاوكەكان و چەند سەرنجێك، لاوك و حەیران لە فۆلكلۆردا، كاردساتی دۆڵی نیشاوێ لەنێوان فۆلكلۆرو مێژوودا، سەرچاوەكان.

### ٦٥- گوڵی سەربەستی

بەری رەنجی هونەریی چل و پێنج ساڵی گۆرانیبێژێكی كورد
**ئامادەكردنی:** تایەر تۆفیق
**پێشەكی و پێداچوونەوە:** كەریم شارەزا
**چاپ:** یەكەم، چ: !، ش: !، ژس: ٢٦٥، س: !، لا: ٢٢٨، ق: (١٧×٢٤)سم
**ناوەڕۆك:** پێشەكی، خۆمتان پێ بناسێنم، لەدیوانی شاعیرانەوە، هۆنراوەی نزیكەی (١١٥) گۆرانی و مەقام، لەگوڵزاری شیعری فۆلكلۆری كوردییەوە، نزیكەی هۆنراوەی (٤٠) گۆرانی، ناوی گۆرانییەكان.

*** پەخشان**

### ٦٦- شەوچەرە

بەرگی یەكەم
كۆكردنەوەو رێكخەرو نووسەری: تاهیر ئەحمەد حەوێزی
بەیارمەتی وەزارەتی كاروباری ژوورروو چاپكراوە
**چاپ:** یەكەم، چ: دار السلام، ش: بەغدا، ژس: ٢٦٩، س: ١٩٧٠، لا: ١١١، ق: (١٧×٢٤)سم
**ناوەڕۆك:** پێشەكی بە (٢٩) خاڵ و تێبینی، هونەری قسە (٣٩) دانە، هەرەمە (٣٢) دانە، وردە چیرۆك (٢٢) دانە، لیسی كوێری (٢٦) دانە، لەقۆناغان چ باسە! (٢٧) دانە، ناوی لەهەموو نوكتەو سەرگوزشتەكان ناوەو زۆربەی رووداوی راستەقینەیە و رێكەوتی بۆ نووسیوە.

### ٦٧- بۆ پێكەنین

بەرگی یەكەم
**نووسەر:** گیوی موكریانی
**چاپ:** دووەم، چ: كوردستان، ش: هەولێر، ژس: ١٣٣، س: ١٩٧٥، لا: ١١٦، ق: (١٥×٢١)سم
**ناوەڕۆك:** پێشدەستی، كۆمەڵێك نوكتەی كوردەواری كەزۆربەیان لەگۆڤارەكانی گەلاوێژ، بڵێسە، رزگاری، شەفەق و هەتاو وەرگیراون و هەندێكیشی لەچەند كەسێكی دیكە وەرگرتووە، پێرستی نوكتەكان.

### ٦٨- بیست چیرۆكی فۆلكلۆری كوردی

**نووسەر:** د.كوردستان موكریانی
**چاپ:** یەكەم، چ: رۆشنبیری، ش: هەولێر، ژس: ١٦٥٠، س: ١٩٨٤، لا: ٥٢، ق: (١٦×٢٢)سم
**ناوەڕۆك:** پێشەكی، دەقی بیست چیرۆكی فۆلكلۆری لەگەڵ دروستكردنی وێنە بۆ چیرۆكەكان لەلایەن: دلڤین حەسەن، ناوەڕۆك.:

### ٦٩- رێوی گەرمیان و كوێستان

چیرۆكی فۆلكلۆری كوردەواریی منداڵان
**ئامادەكردنی:** عومەر ئیبراهیم عەزیز
بەیارمەتی ئەمینداریێتی گشتی رۆشنبیری و لاوان چاپكراوە
**چاپ:** یەكەم، چ: الادیب، ش: بەغدا، ژس: ١٣٢٤، س: ١٩٨٤، لا: ٨٣، ق: (١٧×٢٤)سم

**ناوەڕۆک:** پێشەکی، دەقی هەشت چیرۆک.
هەروەها (د.عومەر ئەم دوو کتێبەی هەیە، کەبەداخەوە تائێستا دەستمان نەکەوتووە:
* تیتیلە و بیبیلە، چیرۆک
ئەمینداریتی گشتی، چ (عەلا)، بەغدا، ١٩٨٠، ٣٦ لاپەڕە.
* کراسم درا چم پێ نەبڕا
ئەمینداریتی گشتی، چ (حسام)، بەغدا، ١٩٨٦، ٣٤ لاپەڕە.

**٧٠- حەقایەتی کوردەواری**
**ئامادەکردنی:** محەممەد کەریم شەریف
بەیارمەتی ئەمینداریتی رۆشنبیری و لاوان چاپکراوە
**چاپ:** یەکەم، چ: دار الحافظ، ش: بەغدا، ژس: ١٤٩٤، س: ١٩٨٥، لا: ١٥٩، ق: (١٧×٢٣)سم
**ناوەڕۆک:** بابەت، سەرەتا، گێرانەوەی (١١) حەقایەتی فۆلکلۆری، ناوەڕۆک.

**٧١- تێکستی هەشت چیرۆکی ئەفسانەی کوردی**
**ئامادەکردنی:** تاریق جامباز
**چاپ:** یەکەم، چ: عەلا، ش: بەغدا، ژس: ٢٢٠، س: ١٩٨٦، لا: ١٠٣، ق: (١٤×٢٢)سم
**ناوەڕۆک:** پێشکەش، بەرایی، لەبەردەم دادگای فۆلکلۆرماندا بەرپرسیارین، (٨) ئەفسانەی کوردی، فەرهەنگۆک.

**٧٢- تێکستی چەند حەقایەتێکی فۆلکلۆریی کوردی**
زنجیرەی کەلەپووری نەتەوایەتیمان ژمارە (٤)
**ئامادەکردنی:** سەعدوڵڵا ئیسماعیل شێخانی
**پێداچوونەوە و فەرهەنگۆک:** هیمدادی حوسێن
**چاپ:** یەکەم، چ: الحوادث، ش: بەغدا، ژس: ٥٤٢، س: ١٩٨٧، لا: ١٠٢، ق: (١٧×٢٣)سم
**ناوەڕۆک:** پێشەکی، دەقی (١٢) چیرۆکی فۆلکلۆری، لیستی ئەو کەسانەی چیرۆکەکانیان لێوەرگیراوە، بەراوردکردنی دەقەکان لەگەڵ (١١) کتێبی حەقایەتی فۆلکلۆری، ناوەڕۆک و ناوی چیرۆکەکان.

**٧٣- هەیاسی دوڕناس و سوڵتان مەحموودی غەزنەیی**
**نووسەر:** غەفووری مەلا حەکیم
بەیارمەتی ئەمینداریتی گشتی رۆشنبیری و لاوان چاپکراوە
**چاپ:** یەکەم، چ: رۆشنبیری، ش: هەولێر، ژس: ١٣٨٤، س: ١٩٨٨، لا: ١٠٣، ق: (١٦×٢٢)سم
**ناوەڕۆک:** پێشەکی، کوڕە کەچەڵ، دەقی چیرۆکەکە، سەرچاوەکان، فەرهەنگۆک.

**٧٤- بەهرەمی پاڵەوان**
**ئامادەکردنی:** جەمال ئیسماعیل گردەسۆری
لەبلاوکراوەکانی سەعدوڵڵا شێخانی ژمارە (١٨)
**چاپ:** یەکەم، چ: الزمان، ش: بەغدا، ژس: ١٣٠٧، س: ١٩٩٠، لا: ٢٩، ق: (١٧×٢٤)سم
**ناوەڕۆک:** یەک چیرۆکی ئەفسانەی کوردی بەناوی بەهرەمی پاڵەوان.

**٧٥- شەوانی جاران**
کۆمەڵە چیرۆکێکی فۆلکلۆری کوردییە
**کۆکردنەوەو ئامادەکردنی:** بەهاددین جەلال مستەفا
لەبلاوکراوەکانی سەعدوڵڵا شێخانی ژمارە (١١)
**چاپ:** یەکەم، چ: الحوادث، ش: بەغدا، ژس: ١٢٠٣، س: ١٩٩٠، لا: ٥٥، ق: (١٤×٢١)سم
**ناوەڕۆک:** بەرایی، چرپەیەک، حەوت چیرۆک، سوپاس و پێزانین، ژیاننامەی نووسەر.

**٧٦- چل کەزی**
کۆمەڵە حەقایەتێکی کوردییە
**ئامادەکردنی:** تاریق جامباز
لەچاپکراوەکانی ئەمینداریتی گشتی رۆشنبیری و لاوانی ناوچەی کوردستان
**چاپ:** یەکەم، چ: رۆشنبیری، ش: هەولێر، ژس: ٤٠٧، س: ١٩٩٠، لا: ٢١٦، ق: (١٦×٢٣)سم

**ناوەڕۆک:** پێشکەشە، هەقایەت وەک خۆی بنووسرێتەوە، کۆکترە، مۆتیفەکانی هەقایەتی کوردی، دەقی (١٤) چیرۆک و ئەفسانەی فۆلکلۆری کوردی، فەرهەنگۆک، وێنەو کورتەی ژیانی هەقایەت خوانەکان.

**٧٧- هاروون و بالوول لەچیرۆکی کوردیدا**
بەرگی یەکەم
**نووسەر:** شاخەوان عەلی محەممەد
لەبلاوکراوەکانی سەعدوللا شێخانی ژمارە (٩)
**چاپ:** یەکەم، چ: ئەسعەد، ش: بەغدا، ژس: ٨٨٣، س: ١٩٩٠، لا: ٦٠، ق: (١٤×٢١)سم
**ناوەڕۆک:** گێڕانەوەی چیرۆکی فۆلکلۆری کوردی هاروون و بالوول لە (٧) بەشدا، سوپاس و پێزانین.

**٧٨- شەش چیرۆکی فۆلکلۆری کوردی رەسەن**
**نووسەر:** محەممەد روشدی دزەیی
لەبلاوکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری بەڕێوەبەرایەتی رۆشنبیری و هونەر ژمارە (٦)
**چاپ:** یەکەم، چ: رۆشنبیری، ش: هەولێر، ژس: ٢٢٠، س: ١٩٩٧، لا: ٩٦، ق: (١٤×٢١)سم
**ناوەڕۆک:** پێشەکی، شلێرو دلێر، هەژار و شاقولی پاشا، شێرزادەو خەونی جانجانی، گولناز و دیار، دەروێشی شالیارو رۆژ، باوەژن، زرداک، ئەنگوستیلەی سیحری.

**٧٩- سام و جەمشیر**
لەئەندێشەو خەیاڵی باپیرانی کورد
**نووسەر:** تاریق کاریزی
لەسەر ئەرکی نووسەر چاپکراوە
**چاپ:** یەکەم، چ: کۆمپیوتەری بەمۆ، ش: !، ژس: ١٧٠، س: ١٩٩٩، لا: ٦٢، ق: (١٥×٢١)سم
**ناوەڕۆک:** دەردی چاپ، دەربارەی ژیانی حەکایەتخوانەکان، سووکە سەرنجێکش لەجووت حەکایەتەکە، رەنگدانەوەی برێ دابی کۆمەلایەتی و ئاکار، دووەم گەشتی جەمشیر پالەوان، بەردی پالەوانان و بەردی گرەو، سەرنجێک لەسام و نەریمان، هەندێ داب و وردەکاری رووداوان، قارەمان و دنیای دێوان، بەکورتی، حەکایەتی جەمشیر، قارەمان و قەیتەران بەشی دووەم.

**٨٠- قەدەغە شکێنی**
**نووسەر:** مەولود ئیبراهیم حەسەن
لەبلاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ژمارە (٥٧)
**چاپ:** یەکەم، چ: سەردەم، ش: سلێمانی، ژس: ٣٣٣، س: ١٩٩٩، لا: ٣٨١، ق: (١٦×٢٢)سم
**ناوەڕۆک:** بەرکورت، گرنگی ئەفسانە، لەبارەی مۆتیڤ ژمێرییەوە، پێناسەی ئەفسانەی کوردی، مۆتیڤ ژمێری، باڵندە، خشۆک، ئامێرو کەرەستە ئەفسانەییەکان، کات، گوڵچینی، قەدەغە شکێنی، هەیەو نییە، ئافرەت، سێکس لەئەفسانەی کوردی، گۆڕان و بەرگری، مردن، چەند بەراوردێکی دی، لێرەو لەوێ، ژمارە، بەراوورد، ئەفراندن، پاشکۆی وێنەکان، سەرچاوەکان.

**٨١- تارمایی ئەفسانەی کوردی**
**نووسینی:** خالید جووتیار
**چاپ:** یەکەم، چ: ئەژین، ش: سلێمانی، ژس: ٩٨، س: ٢٠٠٠، لا: ٨٤، ق: (١٦×٢١)سم
**ناوەڕۆک:** سەمای ئەجندان، لێدوانێکی خێرا، ئەفسانە چییە؟، ئەفسانە، بۆچوون و لێکدانەوە، ئەفسانە، سەرەتاو گەران، دێو سەربردەی مرۆڤ، دێو و کێشەکانی ژیان، سەرچاوەکان.

**٨٢- داستانی قەڵای دمدم**
دەق و لێکۆڵینەوە
**نووسەر:** خالید جووتیار
**چاپ:** یەکەم، چ: بینایی، ش: سلێمانی، ژس: ٧٢، س: ٢٠٠٠، لا: ٥٨، ق: (١٥×٢٠)سم
**ناوەڕۆک:** بەرایی، ئەمیرخان یان خانی لەپ زێڕین، داگیرکردنی قەڵا، سەردەمی داستانی کوردی، داستان چییە؟، کێشە لەداستانی کوردیدا، دمدم و یادگارە تاڵەکان، وەسفی قەڵای دمدم، بەرایی، دمدم، کەوەی هونەری، کەسێتی خان، ئاوارەیی، رێکەوت،

بەرەنگاری ترس و ئامادەبوون، توخمی دژ، کارەسات و هزری میتولۆژی.

**٨٣- سەمای ئەجندان**
حەکایەت و لێکۆڵینەوە
**نووسەر:** خالید جووتیار
**چاپ:** یەکەم، چ: !، ش: کۆیە، ژس: ١٩٢، س: ٢٠٠١، لا: ٧٨، ق: (١٥×٢١)سم
**ناوەڕۆک:** ئەو کتێبە، بەرایی، حەکایەتەکانمان چۆن بنووسینەوە؟، زێڕۆ، فەلەکناسی، هەنگاوێک بەرەو دونیای حەکایەتی کوردی، بەرهەمەکانی نووسەر، سەرچاوەکان.

**٨٤- بولبولی خۆش ئاواز**
**ئامادەکردنی:** شاخەوان عەلی
**چاپ:** یەکەم، چ: رەشاد، ش: !، ژس: ٣٦٩، س: ٢٠٠١، لا: ١٨، ق: (١٥×٢١)سم
**ناوەڕۆک:** گێڕانەوەی ئەفسانەی بولبولی خۆش ئاواز، لەژمارە (٥)ی گۆڤاری ئاسۆی فۆلکلۆر بلاوکراوەتەوە.

**٨٥- گەڕان بەدوای نەمریدا**
لێکۆڵینەوەیەکی تیۆریی بەراوردکارییە لەنێوان ئەفسانەی (کوردی و فارسی)دا
**نووسەر:** مەولوود ئیبراهیم حەسەن
لە بلاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس ژمارە (١٣٥)
**چاپ:** یەکەم، چ: و.پەروەردە، ش: هەولێر، ژس: ٢٠٦، س: ٢٠٠٢، لا: ٢٦٣، ق: (١٦×٢٣)سم
**ناوەڕۆک:** پێشەکی، هەڵبژاردنی ناونیشان، گیروگرفتەکان، پلانی لێکۆڵینەوەکە، هەوڵەکانی پێشتر، ئەنجام، پەراوێزی پێشەکی، چەمک و پێناسەو پێکهاتەو مێژووی ئەفسانەی کوردی، نەخشەی هێلکاریی چاوگی ئەفسانەی کوردی، هێلکاری کۆچی درێژخایەنی ئەوانەی پێیان دەگوترێن (ئاری)، گەڕان بەدوای نەمریی لەئەفسانە جیهانییەکاندا، پەراوێزی بەشی دووەم، گەڕان بەدوای نەمریی لەئەفسانەی کوردی و فارسیدا، پەراوێزی بەشی سێیەم، ئەنجام، پاشکۆی وێنەکان.

**٨٦- چاکە چاکەی دێتەوە جێ**
چیرۆکی فۆلکلۆری و چیرۆک
زنجیرەی یەکەم، کتێبی سێیەم
**ئامادەکردن و نووسینی:** کامەران موحسین مەسیفی
لەسەر ئەرکی نووسەر چاپکراوە
**چاپ:** یەکەم، چ: !، ش: !، ژس: ١٩٢، س: ٢٠٠٢، لا: ٢٠، ق: (١٥×٢١)سم
**ناوەڕۆک:** پێشەکی، ئافرەتێکی زۆرزان، چاکە چاکەی دێتەوە جێ، بێ وەفایی پەشیمانی لەدوایە، ئەوەی نەزانێ بخوات هەژارە، پەتی درۆ کورتە، سێ چیرۆکی دیکە کەرەنگە لەنووسینی ئامادەکەر بێت.

**٨٧- فێنکی دەروون**
**نووسەر:** هونەر سەباح عەبدوڵلا خۆشناو
**چاپ:** یەکەم، چ: منارە، ش: هەولێر، ژس: ٦، س: ٢٠٠٤، لا: ١٦٤، ق: (١٦×٢٣)سم
**ناوەڕۆک:** کۆمەڵێک پرسیارو وەڵام لەزۆربەی بوارەکاندا، ئایا دەزانی لەزۆربەی بابەتەکان، (١٠٠) نوکتە بۆ پێکەنین، (١١) چیرۆک بەناونیشانی (ئامۆژگاری)، (٢٥٢) مەتەڵ، (١٠٠) قسەی نەستەق کەزۆربەیان بیانین، (١٥٠) پەندی پێشینان.
تێبینی: ئەم کتێبە ژمارە سپاردنی چاپی یەکەمی ساڵی (٢٠٠٢)ی لەسەرە.

**٨٨- نوکتە بۆ پێکەنین**
**ئامادەکردنی:** هونەر سالح
**چاپ:** یەکەم، چ: منارە، ش: هەولێر، ژس: ٤٣٢، س: ٢٠٠٤، لا: ١٢٠، ق: (١٦×٢٣)سم
**ناوەڕۆک:** پێشەکی، گێڕانەوەی (٥٨٦) نوکتەو قسەی خۆش.

**٨٩- ئەنگوستیلەی پاشا**
**کۆکردنەوەو ئامادەکردنی:** فەرهاد گۆمەشینی
**چاپ:** دووەم، چ: شەهاب، ش: هەولێر، ژس: ٣٣،

س: ٢٠٠٥، لا: ٥٢، ق: (١٥×٢١)سم

**ناوەڕۆک:** پێشەکی، ناوی چیرۆکەکان: پاشاو وەزیر، هارون رەشیدو نەیارانی، ئەنگوستیلەی پاشا، لوقمەی حەرام، نانی جۆو ئاوی کودیلەم خواردییە، مەڕ بەپێی خۆی بەدارێوە دەکرێ بزنیش بەپێی خۆی، ژیری و لێهاتوویی بەگەورەیی و بچووکیی نییە، سوڵتان مەحموود و حەسەن مەمەندی، ئەوەی هەق بڵێ کڵاوی لەوێ کەوتییە، هەتا نەت ناڵە تەبەق نەتگۆت ئەڵاهو سەدەق، کەوەکان بەشاهێد بن، کڵاو لەگەڵ تۆمە، سێ براو بلوێرێک، فەرهەنگۆک.

*** تەوەری دووەم**

لاسایی باو

* دابونەریت (جل و بەرگ، خواردن، خوو رەوشت، بیروباوەڕ)

* پیشەکان

* دەرمانسازی

* وەرزش و یاری

* دابونەریت

**٩٠- سەرنجێک لەدەروازەی فۆلکلۆری کوردەوە**

کۆکردنەوەی کۆمەڵێک لەمامۆستایانی کوردستان

لەبلاوکراوەکانی نەقابەی مامۆستایان لقی- هەولێر

**چاپ:** یەکەم، چ: ئیرشاد، ش: بەغدا، ژس: !، س: ١٩٦٠، لا: ١٢٨، ق: (١٧×٢٤)سم

**ناوەڕۆک:** پێشەکی، فۆلکلۆری وێژە، فۆلکلۆری نیگار، فۆلکلۆری یارییەکان، فۆلکلۆری سازو گۆرانی، فۆلکلۆری لەبەرکردن، فۆلکلۆری خۆراک، فۆلکلۆری ئامێری دروستکەر، فۆلکلۆری نەریتی کۆمەڵایەتی، فۆلکلۆری کاسەو کەلوپەل، تیمارکردن، فۆلکلۆری باوەڕی کۆن، فۆلکلۆری خانەسازی، فۆلکلۆری راو و چاک، فۆلکلۆری کەلوپەلی ئاژەڵ، فۆلکلۆری ئەستێرەوانی، ناوەڕۆک.

تێبینی: ساڵی چاپکردنی نەنووسراوە، بەڵام لە بیبلیۆگرافیاکەی مستەفا نەریماندا، ساڵی (١٩٦٢)ی بۆ نووسیوە.

**٩١- الحياة الاجتماعية في كردستان**

**نووسەر:** هادی رەشید چاوشلی

**چاپ:** یەکەم، چ: الجاحظ، ش: بەغدا، ژس: !، س: ١٩٧٠، لا: ١٦٠، ق: (١٥×٢١)سم

**ناوەڕۆک:** هەندێ بابەت وەک: کوردەکان لەدیدگای کۆمەڵناسی، پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان، خێزانی کورد و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی، پەروەردەکردنی منداڵی کورد، لاسایی باو و دابونەریتی کورد، چینایەتی لەکۆمەڵگای کوردەواریدا، کەلەپووری هونەری کوردی، دیاردەی رۆشنبیری و زانستی کۆن، پیشە سەرەکییە کۆنەکان.

**٩٢- کۆچەری و ترانس هیومانس لەپارێزگای سولەیمانی و هەولێر**

**ئامادەکردنی:** ناجی عەباس ئەحمەد

لەچاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد

**چاپ:** یەکەم، چ: کۆڕ، ش: بەغدا، ژس: ٧٤٩، س: ١٩٧٤، لا: ٤٩، ق: (١٧×٢٣)سم

**ناوەڕۆک:** هەندێ بابەت وەک: ترانس هیومانس و نیوە کۆچەری، کۆچەرەکانی پارێزگای سلێمانی، کۆچەرەکانی قەزای رانیە، کۆچەرەکانی پارێزگای هەولێر، کورتەی باسەکە بەزمانی عەرەبی.

تێبینی: لەبەشی یەکەمی بەرگی دووەمی گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد وەرگیراوە لەلاپەڕە (٣٦٣-٤١٢).

**٩٣- عەلی شون هەڵگر**

پسپۆڕێکی بەهرەوەر بوو

**نووسەر:** پارێزەر کاردۆ گەلاڵی

**چاپ:** یەکەم، چ: ئەسعەد، ش: بەغدا، ژس: ١٣٢٥، س: ١٩٧٨، لا: ٧١، ق: (١٥×٢٠)سم

**ناوەڕۆک:** پێشەکی، ئەو بەهرەوەرو لێهاتووانەی هەمیشە زیندوون، باسێکی مێژوویی لەمەڕ لێکۆڵینەوەی تاوانەکان، عەلی شون هەڵگر پسپۆڕێکی بەهرەوەر بوو، سەرچاوەی بیر و کردەوەی شون هەڵگر، کارەکانی شون هەڵگر، هەندێ

تاقیکردنەوەو وردەکاری تری شوێن هەڵگر، هەندێ تێبینی و بەڵگە ماددی و مەعنەوییەکانی شوێن هەڵگر، دوا وتە، سەرچاوەکان.

**٩٤- ژیانی دێهاتی (حیاة الریف)**
دانەر: محەممەد روشدی دزەیی (عەوێنەیی)
**چاپ:** یەکەم، چ: سەمیر ئەمیس، ش: بەغدا، ژ س: ٩٨٨، س: ١٩٨٣، لا: ١٤٤، ق:(١٧×١٣)سم
**ناوەڕۆک:** پێشەکی، سەرنج لێگرتن، بۆ زانین، کورتەی مێژووی ژیانی خۆم، یاریکردن لەدێهاتەکان، نزیکەی (٥٠) جۆر یاری و وەرزشی فۆلکلۆری کوردی ناو هێناوەو بەکورتە باسێک پێناسەی بۆ کردووە، گەورە گچکایەتی، سیحەتی دێهاتی (تەندروستی)، تیمارکردن لەدێهاتەکان، دەرماناتی سەربەخۆیی (سروشتی)، ئایین و خواپەرستی، قوتابیانی ئایین و زانستی لەدێهاتەکاندا، هەندێک هۆنراوەی گۆرانی فۆلکلۆری لادێ، (١٢٦) پەندو قسەی نەستەقی کوردی.

**٩٥- فۆلکلۆری کوردی لەناوچەی دزەییاندا**
**کۆکردنەوەو ئامادەکردن و لەسەر نووسینی:** ئاوازی ئەحمەدی حەمەدەمینی دزەیی
بەیارمەتی ئەمینداریتی گشتی رۆشنبیری و لاوان چاپکراوە
**چاپ:** یەکەم، چ: الادیب، ش: بەغدا، ژس: ١١٧١، س: ١٩٨٤، لا: ٩٨، ق: (١٧×٢٤)سم
**ناوەڕۆک:** پێشکەش کردن، پێشەکی، باخۆمتان پێ بناسێنم، عادەت و نەریتی کۆمەڵایەتی، فۆلکلۆری جل و بەرگ، فۆلکلۆری خۆراک، فۆلکلۆری یاریی منداڵان، هەندێ دابونەریتی ئابووریی کۆن، گۆرانیی فۆلکلۆری، کچە لادێیی، دوا وشە.

**٩٦- هەولێر لەگەڵ کاروانەی فەلەک**
**نووسەر:** هادی رەشید چاوشلی
**چاپ:** یەکەم، چ: الجاحظ، ش: بەغدا، ژس: ١٧، س: ١٩٨٧، لا: ١٠٦، ق: (١٧×٢٤)سم
**ناوەڕۆک:** هەولێر لەگەڵ کاروانەی فەلەک، دیمەنی کۆنی شاری هەولێر، ژیان و کۆمەڵایەتی، سەرگوزشتەی ئاوەدانی و ئابووری، کشتوکاڵ بەشێوەی کۆن، ئاهەنگ و رابواردن، چەند لاپەڕەیەک لەنووسینی چەند نووسەرێک دەربارەی هەولێر.

**٩٧- کورتە باسێک دەربارەی شێخان و شێخان بەگی**
**نووسینی:** خدرێ سلێمان و سەعدوڵلا شێخانی
**چاپ:** یەکەم، چ: فنون، ش: بەغدا، ژس: ٨٤٣، س: ١٩٨٨، لا: ٣٣٦، ق: (١٧×٢٣)سم
**ناوەڕۆک:** پێشەکی، هەندێ بابەتی وەک: ئێزدی ئێزدیان کێیە؟، کورتە باسێکی مێژووی باوەڕی ئێزدیان، ئێزدی لەپەراوێزی مێژوودا، فەرمانڕەوای ئێزدیان، میرگەی شێخان، داری بنەماڵەی میرەکانی میرگەی شێخان، بیروڕای چەند پیرەمێردێکی شێخانی و ئێزدی دەربارەی هۆزی شێخانی، هۆزی شێخانی لەسەرچاوەکاندا، گوندەکانی هۆزی شێخانی و داری بنەماڵەکانیان، هەندێ لەزاناو ناودارانی هۆزی شێخانی، مەلایەکان، هونەرمەندەکان، وەستاو حەکیمەکان، هەندێ تێکستی فۆلکلۆری ناوچەی شێخان، لاوکی ئێزدی میرزا، لاوکی کولاشێمەرزی، بەسەرهاتی دەروێشی عەڤدی، شایی شێخانی، هەندێ دابونەریتی هۆزی شێخانی، روونکردنەوەیەک دەربارەی هۆزی شێخانی بەرزنجی، سەرچاوەکان، ناوەڕۆک، لیستەی وێنەکان، لیستەی نەخشەکان، لیستەی داری بنەماڵەکان.

**٩٨- رابووردەی ژیان لەناوچەکانی کوردستان**
**نووسەر:** هادی رەشید چاوشلی
**چاپ:** یەکەم، چ: الجاحظ، ش: بەغدا، ژس: ٧٧٨، س: ١٩٨٨، لا: ٧٨، ق: (١٧×٢٤)سم
**ناوەڕۆک:** سەرەتا، زانست و کۆمەڵایەتی، بنکەی ئاوەدانی، کۆڵەکەی کۆمەڵایەتی، رەگەزو دامەزراندنی کۆمەڵایەتی، ئابووری و ژیان، ئاهەنگ و رابواردن، سەرچاوەکان.

**٩٩- هەندێ داب و نەریتی باوی کوردەواری**

**کۆکردنەوەو ئامادەکردن و لێکدانەوەی:** عومەر ئیبراهیم عەزیز

لە بلاوکراوەکانی دەزگای رۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی ژمارە (١٩٥)

**چاپ:** یەکەم، چ: دار الحریە، ش: بەغدا، ژس: ٥٩٣، س: ١٩٨٨، لا: ٢٣٩، ق: (١٧×٢٤)سم

**ناوەڕۆک:** پێشەکی، سەرەتا منداڵ بوون و چۆنیەتی پەروەردەکردنی تاکو هێنانە خوارەوەی لەلانکە (بێشکە)، ژن و ژنخوازی (ژن هێنان یان ژنخواستن یا بووک گواستنەوەو بەزم و گۆرانییەکانی)، شایی و هەڵپەرکێ و گۆرانی و جۆرەکانی لەکوردەواریدا، کاسە دراوسێتی یان کۆتکە جیرانە، نانکردن و گێرانی بەزمەکانی سەر تەنوور، ساوار کوڵاندن و پێویستییەکانی، ساوار کوتان و بەزم و گۆرانییەکانی، دەستار لێکردن و گۆرانییەکانی لەکاتی سازدانی ئەم کارە، ئاموشۆکردن و سەرلەیەکتریدان، لێقەوماوی و نەبوونی یا دەستکورتی و باو بووکردن، رێز لەمرۆڤ گرتن و بەزەیی هاتنەوە بەگچکە، نیشانکردنی کیژ هەر لەمنداڵییەوە بۆ کوڕ، باوی ژن و ژنخوازی لەناو هەندێ لەخێزان و هۆزو تیرەی کوردەواری، جل شوشتن یا کۆڵ و کانی، نۆماستانە یا فرۆی مانگا، گۆشت بەخشینەوە یان خێرکردن، ئاهەنگ و بەزم و گەرەلاوژەی دیوەخانانی کوردەواری، هەرەوەزی کشتوکاڵ و ئەنجامدانی کارەکانیان بەهاوبەشییەوە، جەژن و گەردەن ئازادی و جێبەجێکردنی دووبەرەکیی و ناکۆکی و رکەبەرایەتی، لەخوێن خۆشبوون و چارەسەرکردنی مەسەلەی پیاو کوشتن، مردن و چۆنییەتی بەرێکردنی پرسە.

### ١٠٠- فۆلکلۆر

بەشی سێیەم

کۆمەڵە بەرهەمێکی فۆلکلۆرییە

لەبلاوکراوەکانی سەعدوڵلا شێخانی ژمارە (٣٢)

**بەشداران:** ئەسعەد عەدۆ، سەعدوڵلا شێخانی، سەدرەدین خۆشناو، خالد جووتیار، عەباس عەبدوڵلا یوسف، فەیسەڵ دێهاتی، نەژاد عەزیز سورمێ

**چاپ:** یەکەم، چ: الزمان، ش: بەغدا، ژس: ٤، س: ١٩٩١، لا: ٧٢، ق: (١٧×٢٣)سم

**ناوەڕۆک:** بەشداران، سەرنج، بەرنامەی لەکەلەپوورەوە، چەند نموونەیەک لەبیروباوەڕی کوردەواری، چۆن پرۆژەی چاپکردنی کتێبی کوردیم کەوتە کەللەوە، دوور لەراستی، ئەنترۆپۆلۆژیای سەماو هەڵپەرکێی هەولێر، دەروازەیەک بۆ جیهانی فۆلکلۆر، چەند مەتەڵێکی دووبارە کردنەوە، رەسووڵی باڵەکی، روانین.

### ١٠١- هەولێرم وادیوە

**نووسەر:** مەولود قادر بێخاڵی

لەبلاوکراوەکانی دەزگای رۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی ژمارە (٢٧١)

**چاپ:** یەکەم، چ: الشؤون الثقافیة، ش: بەغدا، ژ: ٦٨٨، س: ١٩٩١، لا: ٢٢٧، ق:(١٦×٢٣)سم

**ناوەڕۆک:** وتەی نووسەر، هەندێ بابەتی هەمەجۆر وەک: بازاڕو بنکە کۆمەڵایەتییەکان لەهەولێر، گەراج و خاوەنەکانیان، تفاق و دانەوێڵەی زستان، توتن و جگەرە، چەخماخسازەکان، کارگەچی، لبادکەر، کوورەچی و خۆڵ فرۆشەکان، بووک و داوەت، شەوو شەوارەو کاتێک رابواردنی دوور لەگرفتی ژیان، نەرێت و یارییەکانی منداڵان، سوننەتکردن (خەتەنە)، کورتاندروو، بانگی رەمەزان شەوانی زستان، جەژن و رۆژانی شادی، دوا وتەی نووسەرو سەرچاوەکان.

### ١٠٢- لمحة عن عنكاوه ماضيها وحاضرها

**نووسەر:** حەنا عەبدولئەحەد رۆفۆ

لەسەر ئەرکی قەس (یوسف سلێمان پەری) چاپکراوە

**چاپ:** یەکەم، چ: رۆشنبیری، ش: هەولێر، ژس: ١٦٤، س: ١٩٩٦، لا: ١٢٥، ق: (١٧×٢٣)سم

**ناوەڕۆک:** پێشەکی، وتاری چەند کەسێکی ئایینی، هەندێ بابەت وەک: کورتەیەکی مێژوویی عەنکاوە، دانیشتووان و باری کۆمەڵایەتی، کشتوکاڵ و پەروەردەکردنی ئاژەڵ، ئیش و پیشە دەستییەکان، یاری میللی، دابونەریت و لاسایی باو، جەژنەکان، سەرچاوەکان.

**١٠٣- هەولێرم وادیوەو... بیستووە**

بەرگی دووەم

**نووسەر:** مەولود قادر بێخاڵی

لەبلاوکراوەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری و هونەر ژمارە (٢٣)

**چاپ:** یەکەم، چ: و. رۆشنبیری، ش: هەولێر، ژس: ٣٣٠، س: ١٩٩٧، لا: ٣٣٦، ق: (١٧×٢٣)سم

**ناوەڕۆک:** پێشەکی لەنووسینی: مارف خەزنەدار، سەرەتای بەرگی دووەم، قەڵاکەی ئاوەدان کراوەتەوەو چەند شەڕی دیوە؟، ئەو گەڕۆکە بیانیانەی کە لەسەر هەولێریان نووسیوە، هەولێر لەسەردەمی پاشای گەورەی رواندوز، هەولێرو خۆشنووسە بەناوبانگەکانی، حەسارە هەرە بەناوبانگەکانی هەولێر، فێرگە زانستییە ئاینییە کۆنەکانی هەولێر، هەولێرو کەبابخانەکان، چەند ئافرەتێکی بێهۆش و چەند مرۆڤێکی نەکار، سەردولکەبێژەکانی هەولێر، چەند دابونەریتێکی کۆنی دانیشتووانی هەولێر، دابونەریتی قەڵا و خوارەوەی قەڵا، هەولێرو خانی سپی، لەگەڵ چەند وێنەو بەڵگەنامەیەک.

**١٠٤- خواردەمەنی کوردەواری**

**نووسینی:** ئاواز ئەحمەد حەمەدەمین دزەیی

لە بلاوکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری ژمارە (٨٤)

**چاپ:** یەکەم، چ: و.رۆشنبیری، ش: هەولێر، ژس: ٢٠٨، س: ١٩٩٩، لا: ٦٥، ق: (١٥×٢١)سم

**ناوەڕۆک:** خوێندەواری بەنرخ و خۆشەویست، ئەو خواردنانەی لەشیر دروست دەکرێ، ئەو چێشت و خواردنانەی لەگیاو گوڵی بەهاران دروست دەکرێن، ئەو خواردنانەی کە لەگۆشت دروست دەکرێن، ئەو خواردنانەی لەهەویر دروست دەکرێن، ئەو خواردنانەی لەتەرە و میوەی (هەنار، هەنجیر، توو، ترێ، گندۆرە، شووتی، کودی ئاوی) دروست دەکرێن، ئەو خواردنانەی لەهاوین وشک دەکرێنەوە، چێشتی زستانان، چێشتی هاوینان، چێشتی پایزان، چێشتی بەهاران، بۆ بەرچایی بەیانیان، باس لەزۆربەی خواردنی کوردەواری دەکات.

**١٠٥- رەسمن**

فۆلکلۆری و جل و بەرگ و خشڵ و بووک گواستنەوەی ناوچەکانی کوردستان

**نووسەر:** ژیان هاوار ئیبراهیم دزەیی

لەسەر ئەرکی وەزارەتی رۆشنبیری چاپکراوە

**چاپ:** یەکەم، چ: !، ش: سلێمانی، ژس: ٢٣٤، س: ٢٠٠١، لا: ٧٧، ق: (١٦×٢١)سم

**ناوەڕۆک:** پێشەکی، جلوبەرگی ئافرەتان لەکاتی شیوەن، حەیرانەکانی ناوچەی دزەییاتی، جلوبەرگی پیاوان و ژنان و بووک گواستنەوەی ناوچەکانی دزەییاتی و خۆشناوەتی و سلێمانی و کوردستانی ئێران و کۆیەو تورکمان و ئاشووری، سەرچاوەکان.

**١٠٦- ژیانی فەقێیایەتی لەکوردستاندا لەسەدەی ١٣ و ١٤ی کۆچیدا**

**نووسینی:** مەلا محەممەد عەلیاوەیی

**پێشەکی:** د.فوئاد مەعسوم

**ئامادەکردن و رێکخستنی:** د.عەبدوڵلا عەلیاوەیی

**چاپ:** یەکەم، چ: !، ش: سلێمانی، ژس: ٣٧٧، س: ٢٠٠٣، لا: ١٠٤، ق: (١٥×٢١)سم

**ناوەڕۆک:** پێشەکی، هەموو دابونەریتەکانی فەقێیەتی وەک: جۆرەکانی فەقێ، سەردانی فەقێ بۆ ماڵی باوکی، کێخوای فەقێیان، ئاگرو رووناکی فەقێ، لەچەرخی ١٣-١٤ کۆچیدا، هەندێ لەگەمەو سوحبەت و سەیرانەکانی فەقێیان، گەمەکانی ئیجازە، مارە بەجاش، ئافەرین بۆ میللەتی کورد.

**١٠٧- مێژووی دەشتی هەولێر**

بەرگی یەکەم

**نووسەر:** عەباس سلێمان سمایل

لەبلاوکراوەکانی سەعدوڵلا شێخانی ژمارە (٦٧)

**چاپ:** یەکەم، چ: کەوێل، ش: هەولێر، ژس: ٤٠٩، س: ٢٠٠٣، لا: ٢٣٩، ق: (١٦×٢٢)سم

**ناوەڕۆک:** هۆزەکانی دەشتی هەولێر، تۆژینەوە لەناوی جوگرافی، نهێنی مێژوو ئاشکرا دەکات، فەرهەنگی جوگرافی دەشتی هەولێر، بایەخدان بەکەلتوور ئەرکێکی نەتەوایەتییە، تۆژینەوەی مەیدانی بابەت بەهێز دەکات، کۆمەڵگای سێبیران و جیهانی

کەلتوور، کۆچەری و مەرداری لەدەشتی هەولێرو قەرەجەکانی، ریشەی جوولەکەکانی کوردستان، دابونەریتیان، رۆڵی دەشتی هەولێر لە بازرگانیدا، رۆڵی کەلەک و قایەغ لە بازرگانی و هاتووچۆدا، پەراوێزەکان، ئەنجام، پێرست، لەگەڵ چەند وێنەیەک.

**١٠٨- دابونەریتی ژنهێنان لە کوردەواریدا**

**نووسەر:** د.عومەر ئیبراهیم عەزیز (پەتی)

لەبڵاوکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری و هونەری ژمارە (١٧٢)

**چاپ:** یەکەم، چ: رۆشنبیری، ش: هەولێر، ژس: ٢٥٢، س: ٢٠٠٤، لا: ٧٢، ق: (١٦×٢٣)سم

**ناوەڕۆک:** پێشەکی، باسکردنی ژنهێنان لەکوردەواریدا بەهەموو قۆناغەکانی دەستپێکردنی لەداخوازی و نیشانکردن و داواکردن و مارەکردن و زەماوەندو...هتد، لەزۆربەی ناوچەکانی کوردستان، سەرچاوەو پەراوێزەکان.

**١٠٩- خواردەمەنی کوردی**

**نووسەر:** عەقیلە عەبدولقادر رواندزی

**چاپ:** یەکەم، چ: و.!، ش: هەولێر، ژس: !، س: ٢٠٠٤، لا: ١٨٥، ق: (٢١×٢٩)سم

**ناوەڕۆک:** پێشەکی، سەرنجێک، پێشکەش، بیرەوەرییەک لەژووری چێشت لێنان، کورتە باسێک بۆ پاک و خاوێنی، چەند تێبینییەک، پێکهاتووە لەشێوازی ئامادەکردن و پێویستییەکانی (١٠٠) خواردنی کوردەواری، سەرچاوەکان.

**١١٠- چۆنیەتی ئامادەکردنی خواردنە کوردییە رەسەنەکان و هەندێک خواردنی تازە**

**دانانی:** و.ناجیە ئیبراهیم سەعید

لەبڵاوکراوەکانی بەڕێوەبەرێتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە

**چاپ:** یەکەم، چ: دیلان، ش: سلێمانی، ژس: ١٨٦، س: ٢٠٠٤، لا: ١٤١، ق: (٢٠×٢٩)سم

**ناوەڕۆک:** پێشەکی، خواردنە بنەڕەتییەکان، شلەکان، شۆرباکان، زەڵاتەکان، ئیشی هەویر، شیرینی و خواردنەکان، ترشیات و سرکە، سۆسەکان، سەرچاوەکان، لەگەڵ باسی خواردنەکان وێنەی فۆتۆگرافی رەش و سپی نیشانداوە.

**١١١- هەولێرم وادیوەو بیستووە**

بەرگی سێیەم

**نووسەر:** سەید مەولود قادر بێخاڵی

لەبڵاوکراوەکانی کتێبفرۆشی سۆران

**چاپ:** یەکەم، چ: و.پەروەردە، ش: هەولێر، ژس: ١٠٩، س: ٢٠٠٥، لا: ٣٧٤، ق: (١٧×٢٣)سم

**ناوەڕۆک:** هەولێر مەڵبەندی کوردایەتی لەنووسینی: د.ئیسماعیل شوکر، پێشەکی لەنووسینی: سەید نەژاد بەرزنجی، هەولێر خدری زندەی لیقەوماوانە لەنووسینی: تاریق جامباز، چەند پەیڤێکی وەفادارییم بۆ نووسەر، لەنووسینی: د.شوکریە رەسوڵ، چەند روونکردنەوەیەکی نووسەر، چەند تێبینییەکی پێویست، ئەم بەرگە، چەند زانیارییەکی جوگرافیی و کەشناسی، هەولێر هەر هەولێرە، هەولێر بیرەوەریی مرۆڤە بەتەمەندا چووەکان، چەرم و پێستە چۆن دەغاراندران؟، کورتە باسێکی دەربارەی ددانساز حاجی خەلیل لوتفی، کارگەی ئاملێت و سیفۆن لەهەولێر، خۆرگیرانی ساڵی (١٩٩٩) لەهەولێر، چەند خووڕەوشتێکی سەیری دەروێش عەلی، چەند خووڕەوشتێکی مامە حەمە (شێت)، جووەکانی هەولێر.

**تێبینی:** باسی کۆمەڵێک لەبنەماڵەو ناودارەکانی شاری هەولێر دەکات.

*** پیشەکان**

**١١٢- بەرهەمی کوردەواری**

بریتییە لەبەرهەم هێنانی پێنج بەرهەمی سرووشتی لەژیانی چەوساوەکانی کوردستان

**نووسەر:** مەولوود بێخاڵی

لەبڵاوکراوەکانی ئەمینداریتی گشتی رۆشنبیری و لاوان

**چاپ:** یەكەم، چ: رۆشنبیری، ش: هەولێر، ژس: ٩٨٢، س: ١٩٨٦، لا: ١٤١، ق: (١٦×٢٢)سم

**ناوەرۆك:** تووتن، چاراو یان چالاو چییە؟، لاپەرەیەك لەبارەی ترێ و بەرهەمەكانییەوە، كاری بەردەوام لەپێناو بەرهەمی چاكدا، گوێنی و كەتیرە، بەرچاو خستنی ژیانی كرێكارانی قورەكاری بەر لەشۆڕشی ١٤ی گەلاوێژی ١٩٥٨دا، كار، ژیانی جووتیاری لەناوچەی هەولێردا، بژار، هەندێ بابەتی دیكە، فەرهەنگۆك و پەراوێز بۆ بەشەكان.

**١١٣- گۆلێك لە كەرەوسەی فۆلكلۆری كوردەواری**

**نووسەر:** داوود محەممەد شرۆڵ

بەیارمەتی ئەمینداریتی گشتیی رۆشنبیری و لاوانی ناوچەی كوردستان چاپكراوە

**چاپ:** یەكەم، چ: الحوادث، ش: بەغدا، ژس: ٤٩٣، س: ١٩٨٧، لا: ١٥٩، ق: (١٦×٢٤)سم

**ناوەرۆك:** پێشەكی، رەنجبەرگرتن و جۆرەكانی، هەڵبەستێك لەسەر كەرەستەی جووت و درەو، كەرەستەكانی جووتكردن، شێ و پێناسكردنی چەند وشەیەك، كاتەكان و وەرزەكانی جووتكردن، تۆوكردن، جۆرو بابەتەكانی تۆوكردن، هەندێ لەنەخۆشییەكانی دەغڵ و دان، دروونەكردن و ئەندامانی و كەرەستەكانی، كەرەستەكانی دروونە، شیكردنەوەی چەند وشە، گیشەكەر (تێلەكێش) گرتن، دروونەكردن، چەند دابونەریتی سەپان و دروونەن شەغرە (شارا) و كێشانەوەی قرشە، پێكهێنەرەكانی شەغرە، جۆخین، خەرمان، كولۆش، جۆخین كوتین، جەنجەرو پێكهێنەرەكانی، پێناس و شیكردنەوەی چەند وشەیەك، شەنبا و رێكخستنی (سێلك) تارمە، رەوسەبركردن، فەرهەنگۆك، هونەرمەند: ئەسكەندەر عوسمان وێنەی هەندێ كەلوپەلەكانی كێشاوە، سوپاس.

**١١٤- فەرهەنگی گەنجینەی كەلەپوور**

بەرگی یەكەم

**كۆكردنەوەو ئامادەكردنی:** هۆشیار نوری لەك

لەسەر ئەركی نووسەر چاپكراوە

**چاپ:** یەكەم، چ: منارە، ش: هەولێر، ژس: ١، س: ٢٠٠٢، لا: ١١٨، ق: (١٥×٢١)سم

**ناوەرۆك:** پێشەكی، باسێكی پێویست، پێناسەكردن و لێكدانەوەی مانای زۆربەی ئەو شتە كۆنە كەلەپووریانەی كە وەك فۆلكلۆرێك بۆمان پێكهاتووە و ماوەتەوە، زاراوەكان (ناوی كەلوپەلەكان): زۆربەی زۆری شیكراونەتەوە كەكاتی خۆی لەگوندو دێهاتەكان پێی دواون و بەكاریان هێناوە، سەرچاوەكان، كورتەیەك لەژیانی نووسەر، وێنەكان دەدوێن: وێنەی زۆربەی زۆری جلوبەرگ و ئامێرو كەرستە كۆنەكانی لەخۆ گرتووە كەكاتی خۆی باب و باپیرانمان لەبەریان كردووە و بەكاریان هێناوە.

*** وەرزش و یاری**

**١١٥- فۆلكلۆری یارییەكانی كوردەواری**

**نووسەر:** محەممەد كەریم شەریف

**چاپ:** یەكەم، چ: شیمال، ش: كەركوك، ژس: ١، س: ١٩٧١، لا: ٢٠٠، ق: (١٥×٢١)سم

**ناوەرۆك:** پێشەكی لەنووسینی: مەجید ئاسنگەر، سەرەتا، بریتییە لە (١٢٠) یاری فۆلكلۆری كوردەواری: یاری كوڕانە (٤٦) دانە، یاری كچانە (١٧) دانە، منداڵان: هاوبەشی كوڕان و كچان (١٧) دانە، گەوران (٤٠) دانە، (١٩) مەتەڵ، ناوی یارییەكان.

**١١٦- لە گەنجینەی كوردەواری**

نووسینی: مەولود قادر بێخاڵی

لەچاپكراوەكانی ئەمینداریتی گشتی رۆشنبیری و لاوان

**چاپ:** یەكەم، چ: ئیشبیلیە، ش: بەغدا، ژس: ٥٠، س: ١٩٨٨، لا: ١٩١، ق: (١٥×٢٢)سم

**ناوەرۆك:** پێشەكی، سەرەتا، راو و جۆرەكانی، مرۆڤی كۆن، راو و ئەشكەوت و مرۆڤی ناوچە و ئاو و هەوا، شكاریان، جۆرەكانی راو، راو و شارەزاكانی، كەو و راوكردن، فسۆس چییە، سوێسكە، راوە پۆڕ، كەناچە، راوە كەروێشك راوە مامز (ئاسك)، راوە

ورچ، راوە بەراز، چاوەڕوانی بووک، وەرزی بەهار، شارستانییەت، هەندێ بابەتی دیکە.

**١١٧- راو و شکار**

**لێدوان و ئامادەکردنی:** حەویز حاجی جوکل ئاغای دزەیی

پێشەکی: لەتیف بەرزنجی

لەسەر ئەرکی نووسەر چاپکراوە

**چاپ:** یەکەم، چ: الحوادث، ش: بەغدا، ژس: ٣٥٦، س: ١٩٩٠، لا: ١٠٠، ق: (١٧×٢٤)سم

**ناوەڕۆک:** پێشەکی، مێژووی ژیانی نووسەر، سەرەتا، گیاندارە ئاژەڵییەکان (١٠) جۆر گیاندارو راوەکانی، جۆرەکانی راوی باڵدار، راوە کەو، شەڕەکەو، حەیران، پەراوێز.

*** چۆنیەتی ئامادەکردنی لیستی ناوی نووسەر**

بەپێی ئەم خاڵانەی خوارەوە ئامادە کراوە:

١- وشەی (دکتۆر، پرۆفیسۆر، مەلا، سەید، شێخ...هتد) لەپێش ناوەکان لابراوە و لەدوای ناوەکانەوە لەناو کەوانەدا دانراوە.

٢- ناوەکان بەرێنووسی زمانی کوردی باوی ئەمڕۆ نووسراوە.

٣- ناوی کتێبەکان لەژێر ناوی نووسەر بەپێی ساڵ دانراوە، بەڵکو بەپێی ریزبەندی کتێبەکان لەم بیلۆگرافیایەدا ڕێکخراوە.

٤- ژمارەی کتێبەکان لەتەنیشت ناوی نووسەر بەمشێوەیە دانراوە (ژمارەی کتێبەکە لەناو بیبلیۆگرافیاکەدا).

**لیستی ناوی نووسەر**

**ئاوازی ئەحمەدی حەمەدەمینی دزەیی:**

* فۆلکلۆری کوردی لەناوچەی دزەییاندا/ (٥٩)

* خواردەمەنی کوردەواری/ (١٠٤)

**ئاواز سنجاوی:**

* فۆلکلۆر، کۆمەڵە بەرهەمێکی فۆلکلۆرییە، بەشی دووەم/ (٢)

**ئەحمەد حەیران:**

* دیوانی حەیران بێژان، بەرگی یەکەم/ (٤٥)

**ئەسعەد عەدۆ:**

* بەیتی ئایشە گوڵ، ئایشە گوڵ و لەشکری/ (٣٤)

* لیرەیەک لەگەنجینەی نەتەوەی کورد/ (٤٥)

* ئەفسانە لاوک... گۆرانی لەفۆلکلۆری کوردیدا/ (٤٣)

* بەرنامەی لەکەلەپوورەوە/ (٥٨)

* لاوک و حەیران، لێکۆڵینەوە/ (٦٤)

* فۆلکلۆر، کۆمەڵە بەرهەمێکی فۆلکلۆرییە، بەشی سێیەم/ (١٠٠)

**بەهادین جەلال مستەفا:**

* شەوانی جاران، کۆمەڵە چیرۆکێکی فۆلکلۆری کوردییە/ (٧٥)

**پیرداود مەخمووری:**

* لاس و خەزاڵ/ (٦٠)

* پیرە هەولێر، لێکۆڵینەوە/ (٦٢)

**تایەر تۆفیق:**

* ئاوازی بەجۆش، گۆرانی و فۆلکلۆری کوردی/ (٣٠)

* گوڵی سەربەستی/ (٦٥)

**تاهیر ئەحمەد حەویزی:**

* شەوچەرە، بەرگی یەکەم/ (٦٦)

**تاریق سدیق حەمە ئەمین (کاریزی):**

* سام و جەمشیر، لەئەندێشەو خەیاڵی باپیرانی کورد/ (٧٩)

* كورە كەچەڵەو چەند پارچە شیعری فۆلكلۆری/ (٣٢)

**تاریق جامباز:**
* محەمەدو سێوێ و سورمێ خان و قورشیدێ چاو بەخار، دوو تراژیدی فۆلكلۆری كوردی/ (٣٣)
* تێكستی هەشت چیرۆكی ئەفسانەی كوردی/ (٧١)
* چل كەزی، كۆمەڵە هەقایەتێكی كوردییە/ (٧٦)

**جان تۆماس كۆیی:**
* رەزمەكانی مۆسیقای كوردی/ (٥٦)

**جەلال مەلا حەسەن خۆشناو:**
* سێ بەیتی فۆلكلۆری/ (٣٧)
* لاوك، زنجیرەی كەلەپووری نەتەوایەتی/ (٥١)

**جەمال ئیسماعیل گردسێری:**
* بەهرەمی پاڵەوان/ (٧٤)

**حەمید گەردی:**
* گوڵمێك لەگوڵستانی كوردستان/ پەندی پێشینان (٨)
* گەنجینە و كەلتووری كوردی، پەندی كوردی/ (١١)

**حەویز حاجی جوكل ئاغای دزەیی:**
* راو و شكار/ (١١٧)

**حەنا عەبدولئەحەد رۆفۆ:**
* لمحة عن عینكاوة، ماضیها وحاضرها/ (١٠٢)

**خالید جووتیار:**
* فۆلكلۆر، كۆمەڵە بەرهەمێكی فۆلكلۆرییە، بەشی دووەم/ (١٢)

* فۆلكلۆر، كۆمەڵە بەرهەمێكی فۆلكلۆرییە، بەشی یەكەم/ (٣٦)
* حەیران و مەرگی غەریبان/ (٤٩)
* حەیران، دڵم دایەن لەهەولێرێ/ ٥٧)
* تارمایی ئەفسانەی كوردی/ (٨١)
* داستانی قەڵای دمدم، دەق و لێكۆڵینەوە/ (٨٢)
* سەمای ئەجندان، حەكایەت و لێكۆڵینەوە/ (٨٣)
* فۆلكلۆر، كۆمەڵە بەرهەمێكی فۆلكلۆرییە، بەشی سێیەم/ (١٠٠)

**خدرێ سلێمان:**
* كورتە باسێك دەربارەی شێخان و شێخان بەگی/ (٩٧)

**داوود محەممەد شرۆڵ:**
* گوڵێك لەكەرەوسەی فۆلكلۆری كوردەواری/ (١١٣)

**دیدەوان یەعقوب:**
* دەستەواژەكانی مرۆ/ (٧)

**رەسوڵ بێزار گەردی:**
* بژار/ (١٩)
* شیلان و شلێر/ (٢٠)
* گوڵە مێلاقە/ (٢١)

**رۆستەم باجەلان:**
* فۆلكلۆر، كۆمەڵە بەرهەمێكی فۆلكلۆرییە، بەشی دووەم/ (١٢)

**ژیان هاوار ئیبراهیم دزەیی:**
* رەسەن، فۆلكلۆری جلوبەرگ و خشڵ و بووك گواستنەوەی ناوچەكانی كوردستان/ (١٠٥)

**سەدرەدین نورەدین ئەبوبەكر:**
* بەركوتێكی مەتەڵی فۆلكلۆری كوردی، لێكۆڵینەوەو رەخنە/ (١٧)

**سەدرەدین خۆشناو:**
* فۆلکلۆر، کۆمەڵە بەرهەمێکی فۆلکلۆرییە، بەشی دووەم/ (١٢)
* فۆلکلۆر، کۆمەڵە بەرهەمێکی فۆلکلۆرییە، بەشی یەکەم/ (٣٦)
* فۆلکلۆر، کۆمەڵە بەرهەمێکی فۆلکلۆرییە، بەشی سێیەم/ (١٠٠)

**سەعدوڵڵا ئیسماعیل شێخانی:**
* گوڵبژێرێک لەفۆلکلۆری کوردیدا/ (٣٨)
* فۆلکلۆری کوردی/ (٣٩)
* چیرۆک و بەیتی لاس و خەزاڵ و زەمبیل فرۆش/ (٤١)
* فـۆلکلۆری هۆنراوەکـانی کـوردەواری، چاپی دووەم/ (٤٢)
* سەربردەی کۆمەڵە حەیرانبێژێکی کورد، بەرگی یەکەم/ (٤٤)
* حەیران و مەرگی غەریبان/ (٤٩)
* سـێـسەد هۆنراوەی فـۆلکلۆری کـوردی، بەرگی یەکەم/ (٥٠)
* تێکستی چەند هەقایەتێکی فۆلکلۆری کوردی/ (٩٧)
* کورتە باسێک دەربارەی شـێـخـان و شـێـخـان بەگی/ (٩٧)
* فۆلکلۆر، کۆمەڵە بەرهەمێکی فۆلکلۆرییە، بەشی سێیەم/ (١٠٠)

**شوکریە رەسوڵ (پرۆفیسۆر):**
* رێ و رەسمی شین و لاواندنەوەی کوردی/ (٥٤)

**شاخەوان عەلی حەمەد:**
* مەتەڵ بۆ زاخاوی مێشک/ (١٣)
* هاروون و بالوول لەچیـرۆکی کـوردیدا، بەرگی یەکەم/ (٧٧)
* بولبولی خۆش ئاواز/ (٨٤)

**عەبدولوەهاب گانەبی شەریف:**
فەرهەنگیی ئیدیۆم لەزمانی کوردیدا/ (١٠)

**عەبدوڵڵا عەلیاوەیی (دکتۆر):**
* ژیانی فەقێیایەتی لەکوردستاندا لەسەدەی ١٣ و ١٤ی کۆچیدا/ (١٠٦)

**عەباس عەبدوڵڵا یوسف:**
* فۆلکلۆر، کۆمەڵە بەرهەمێکی فۆلکلۆرییە، بەشی دووەم/ (١٢)
* فۆلکلۆر، کۆمەڵە بەرهەمێکی فۆلکلۆرییە، بەشی یەکەم/ (٣٦)
* فۆلکلۆر، کۆمەڵە بەرهەمێکی فۆلکلۆرییە، بەشی سێیەم/ (١٠٠)

**عەباس سلێمان سمایل:**
* مێژووی دەشتی هەولێر، بەرگی یەکەم/ (١٠٧)

**عەقیلە عەبدولقادر رواندزی:**
* خواردەمەنی کوردی/ (١٠٩)

**عەلی فەتاح دزەیی:**
* مەم و زین، لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندن/ (٥٢)

**عومەر ئیبراهیم عەزیز (پەتی):**
* فۆلکلۆر، کۆمەڵە بەرهەمێکی فۆلکلۆرییە، بەشی دووەم/ (١٢)
* رێوی گەرمیـان و کوێسـتـان، چیرۆکی فۆلکلۆری کوردەواریی منداڵان/ (٦٩)
* هەندێ داب و نەریتی باوی کوردەواری/ (٩٩)
* دابونەریتی ژنهێنان لەکوردەواریدا/ (١٠٨)

**عومەر شێخەڵڵا دشتەکی (چەتۆ):**
* پەندی کوردی، بەرگی یەکەم/ (١)
* پەندی کوردی، بەرگی دووەم/ (٣)
* پەندی کوردی، بەرگی سێیەم/ (٥)

* پەندی کوردی، بەرگی چوارەم/ (٦)
* داستان و گۆرانی لەفۆلکلۆری کوردیدا، چاپی یەکەم/ (٢٩)
* داستان و گۆرانی لەفۆلکلۆری کوردیدا، چاپی دووەم/ (٥٩)

**غەفوور مەخمووری:**

* سەردتایەک بۆ حەیران و کورتەیەک لەژیانی حەمەد بەگی/ (٤٦)
* بناری قەرەچووغ/ (٤٨)
* حەیران، چەمک، ناوەڕۆک، سەرهەڵدان/ (٥٩)

**غەفووری مەلا حەکیم:**

* هەیاسی دوڕناس و سولتان مەحموودی غەزنەیی: (٧٣)

**فەرهاد گۆمەشینی:**

* مەیل مەیلانێی کوردەواری/ (١٤)
* ئەنگوستیلەی پاشا/ (٨٩)

**فەیسەڵ دیهاتی:**

* فۆلکلۆر، کۆمەڵە بەرهەمێکی فۆلکلۆرییە، بەشی سێیەم/ (١٠٠)

**کاردۆ گەلالی (پارێزەر):**

* عەلی شوون هەڵگر، پسپۆڕێکی بەهرەوەر بوو/ (٩٣)

**کامەران موحسین مەسیفی:**

* چاکە چاکەی دێتەوە جێ، چیرۆکی فۆلکلۆری و چیرۆک، زنجیرەی یەکەم، کتێبی سێیەم/ (٨٦)

**کوردستان موکریانی (دکتۆر):**

* بیست چیرۆکی فۆلکلۆری کوردی/ (٦٨)

**کەریم مستەفا شارەزا:**

* پەندی پێشینان لەشیعری کوردیدا/ (٢)
* پەندی بەراوردکاری لەنێوان ئینگلیزی و عەرەبی و کوردی/ (٤)
* مەقامەکانی سێوەی هونەرمەندی کورد لەتەرازووی رەسانایەتیدا/ (٣١)
* ثلاث دراسات فكلورية كوردية/ ( )

**گیوی موکریانی:**

* بۆ پێکەنین، بەرگی یەکەم/ (٦٧)

**محەمەد تۆفیق وردی:**

* ناسرو مارمار/ (١٨)
* فۆلکلۆری کوردی، بەشی یەکەم، بەشی سۆرانی/ (٢٢)
* فۆلکلۆری کوردی، بەشی دووەم/ (٢٣)
* بحث ودراسة عن الفولكلور الكردي، دراسات ادبية/ (٢٤)
* فۆلکلۆری کوردی، بەشی سێیەم و چوارەم/ (٢٦)

**محەمەد بەکر (دکتۆر):**

* کێش و ریتمی شیعری فۆلکلۆری کوردی/ (٦٣)

**محەمەد روشدی دزەیی:**

* شەش چیرۆکی فۆلکلۆری کوردی رەسەن/ (٧٨)
* ژیانی دیهاتی (حياة الريف)/ (٩٤)

**محەمەد کەریم شەریف:**

* مەسەلەکانی کوردەواری/ (٩)
* فۆلکلۆرن کۆمەڵە بەرهەمێکی فۆلکلۆرییە، بەشی دووەم/ (١٢)
* فۆلکلۆری هۆنراوەکانی کوردەواری، چاپی یەکەم/ (٢٧)
* سوارچاکی لەلاوکی کوردەواریدا/ (٢٨)
* فۆلکلۆری هۆنراوەکانی کوردەواری، چاپی دووەم/ (٤٢)
* هەقایەتی کوردەواری/ (٧٠)
* فۆلکلۆری یارییەکانی کوردەواری (١١٥)

**محەممەدی مەلا کەریم:**
* گەنجینەی فۆلکلۆری کورد، کۆمەڵێک لاوک و حەیران/ (٢٥)

**محەممەد عەلیاوەیی (مەلا):**
* ژیانی فەقێیایەتی لەکوردستاندا لەسەدەی ١٣ و ١٤ی کۆچیدا/ (١٠٦)

**مەولوود ئیبراهیم حەسەن:**
* قەدەغە شکێنی/ (٨٠)
* گەڕان بەدوای نەمرییدا، لێکۆڵینەوەیەکی تیۆریی بەراوردکارییە/ (٨٥)

**مەولوود قادر بێخاڵی:**
* هەولێرم وادیوە/ (١٠١)
* هەولێرم وادیوەو... بیستووە، بەرگی دووەم/ (١٠٣)
* هەولێرم وادیوەو بیستووە، بەرگی سێیەم/ (١١١)
* ٨بەرهەمی کوردەواری، بریتییە لەبەرهەم هێنانی پێنج بەرهەمی سرووشتی لەژیانی چەوساوەکانی کوردستان/ (١١٢)
* لەگەنجینەی کوردەواری/ (١١٦)

**م.ناجیە ئیبراهیم سەعید:**
* چۆنیەتی ئامادەکردنی خواردنە کوردییە رەسەنەکان و هەندێک خواردنی تازە/ (١١٠)

**نامیق هاوکار:**
* حەیران و مەرگی غەریبان/ (٤٩)

**ناجی عەباس ئەحمەد (دکتۆر):**
* کۆچەری و ترانس هیومانس لەپارێزگای سولەیمانی و هەولێر/ (٩٢)

**نەژاد عەزیز سورمێ:**
* فۆلکلۆر، کۆمەڵە بەرهەمێکی فۆلکلۆرییە، بەشی سێیەم/ (١٠٠)

**وریا ئەحمەد:**
* ئامێرەکانی مۆسیقای کوردی/ (٤٧)
* باڵەبان/ (٥٣)

**هادی رشید چاوشلی**
* الحياة الاجتماعية في كردستان/ (٩١)
* هەولێر لەگەڵ کاروانەی فەلەک/ (٩٦)
* رابووردەی ژیان لەناوچەکانی کوردستان/ (٩٨)

**هەنگاو ئەنوەر شێخانی:**
* جۆرەکانی گۆرانی کار لەدەشتی هەولێر، توێژینەوەیەکی شیکاری/ (٦١)

**.هیمدادی حوسێن:**
* چەپکێ هۆنراوەی فۆلکلۆری دەشتی هەولێر/ (٤٠)

**هونەر سەباح عەبدوڵلا خۆشناو:**
* فێنکیی دەروون/ (٨٧)

**هونەر سالح:**
* نوکتە بۆ پێکەنین/ (٨٨)

**هوشیار نوری لەک:**
* ٧٧٧ مەتەڵی کوردەواری/ (١٥)
* ٩٥٥ نۆسەدو پەنجاو پێنج مەتەڵی کوردەواری/ (١٦)
* فەرهەنگی گەنجینەی کەلەپوور، بەرگی یەکەم/ (١١٤)
* ئەو کتێبانەی لەلایەن کۆمەڵێک نووسەر یان دەزگاکانەوە ئامادەکراوە
* سەرنجێک لەدەروازەی فۆلکلۆری کوردەوە، نەقابەی مامۆستایان لقی - هەولێر، کۆمەڵێک لەمامۆستایانی کوردستان/ (٩٠).

# دارە بزمارەی دووەم

تەحسین شێروانی

**چۆنیەتی دارەکە**

دارەکە بریتییە لە دارێکی (جنەدار - جنەنار - جنە هەنار)ی دڕکاوی، کە زیاتر لە شوێنێک لقی لە زەوییەکە هاتۆتە دەر، بەرزترین لقی مەترێک ٤٠سانتی مەتر دەبێت، قەدەکەی بریتییە: لە کۆلکەیەک، کە چەند سانتیمەترێک لە زەوییەوە هاتۆتە دەر و لقەکانی بەسەر زەویەکەدا بلاوبوونەتەوە و بەرزبوونەوە ناگەن بە (٢) مەتر. ئەم ناوچەیەی کە ئەم دارە لێی رواوە بەردەڵان و خاکێکی مردەیە و ئاو هەڵگر نییە، گەشەی یەکجار کەمە و سەوزایی پەلکەکانی زۆر کەمە.

**کورتە مێژووی دارە بزمارە:**

بەگوێرەی پرسین و گەڕان بەدوای تەمەنی ئەم داردا، لە زۆر کەسانی بەتەمەن و خەڵکی ناوچەکە، لەوەتەی ئاوەدانی کەوتۆتە ناوچەی قەراج و کەندێناوە و بەهۆی ئەوەی شوێنگەی دارەکەش کەوتۆتە سەر رێگای کۆچ و کۆچباری دانیشتووانی قەراج و کەندێناوە و ناوچەکانی دیکەی دەشتی هەولێر، کە بەهاران دەچوون بۆ قەراج بۆ مەڕلەوەڕاندن و بەوێدا (دەپەڕینەوە) و شۆڕدەبوونەوە بۆ دەشتی (کاولە قەراج) و ئەو ناوەیان دەکردە جێ هۆبە و رەشماڵ.

واتە لەوەتەی باب و باپیرانی ئێمەش لەوێ بوونە ئەو داردیان بینیوە و هەر هەبووە، بەڵام بە قسەی یەکێک لە ریش سپیانی کەندێناوە، ساڵی ١٩٥٧ کاتێک دەروێشەکانی سەر بە ماڵی شێخ عەبدولکەریمی دارەخورما لە قەراج دەگەڕانەوە، ئەو کات ماڵی شێخ لە قەراج بووە) بۆ گونددکانی کەندێناوە، یەکێک لەو دەروێشانە ئەم دارە بەستەزمانە دەداتە بەر شمشێران و لە بنەوە دەیبڕێتەوە، بۆیە دارەکە ئێستا دوای نزیکەی (٥٠) ساڵ بەهۆی کەم ئاوی و جۆری خاکەکەی هەر ئەوەندە زیادی کردۆتەوە.

لە ناوچەی دەشتی هەولێر، بەتایبەتی و لە زۆر شوێنی دیکەی کوردستان کەم کەس هەیە دارەبزمارە و شوێنەکەی نەدیبێ یا هەر نەبێ لە حەیران و مەقام و گۆرانییەکانی دەشتی قەراج و کەندێناوە، ناوەکەی بەرگوێ کەوتووە. داردبزمارە بۆتە هەوێنی ئەویندارێ (کوڕەتیم حەیران و کچەتیم حەیرانێ).

**شوێنەکەی:**

دارەبزمارە کەوتۆتە کلکەی چیای قەرچووغ، لەبەری رۆژهەڵاتی، واتە لەلای زێی بچووک (زێی پردێ)وە، ئەو رێگایەی بەوێدا دەڕوا قیرتاوە، هەر لە رێگای سەردکی کەرکوک - موسڵا کە لادەدات بۆ ناحیەی (سەرگەڕان)و لەوێوە دەچێت بۆ دارەبزمارە.

دارەبزمارە تەنها (٥) کیلۆمەتر لە ناحیەی سەرگەڕان دوورە. ئەو رێگا قیرتاوەی لەوێوە تێدەپەڕێت، تا سەر لوتکەی (بێژینگ بەسەر)ی بەرزترین لوتکەی چیای قەرچووغ دەچێت، ئەو شوێنەی دارەکەی لێیە، پێی دەوترێ (کلکەی دارەبزمارد)، واتە کلکەی چیای قەرچووغ. هەر لە

شوێنی دارەکەوە بە چەند هەنگاوێک ڕۆیشتن دەشتی کاکی بە کاکی قەراج دیار دەکەوێ. لە نزیک دارەکە گۆڕستانێک هەیە ئەویش یەکجار کۆنە، من خۆم کە چوومە ئەوێ وێنەی گۆڕستانەکەشم گرت و بە ناویدا زۆر گەڕام، زۆر ڕۆیشتم بۆ زانینی مێژووی ئەم گۆڕستانە پرسیارم لە خەڵکی ناوچەکە و هی تریش کرد ، بەڵام بە بیری هیچ کەسێک نەهات، کە بزانێ سەرەتاکەی کەی بووە؟ بەڵام ئەوەندەم بیست، کە باپیران بۆیان گێڕاونەتەوە، ئەم گۆڕستانە تەمەنی بۆ زیاتر لە (٣٠٠) ساڵ دەگەڕێتەوە کە سەرەتای ئاوەدانی بووە لەم ناوچەیە، گۆڕستانەکەش هەر بەناوی دارەبزمارە ناوبراوە (گۆڕستانی دارەبزمارە).

**بۆ ئەوەندە گرنگی بەم دارە دراوە؟**

لەوانەیە گرنگی دارەبزمارە لەوە دابێت، کە لە نزیک گۆڕستانەکەوەیە، کە تەنها (٢٠٠)مەتر لێیەوە دوورە، گۆڕستانیش لە کۆنەوە، لەناو کورددواریدا پیرۆز بووە و ڕێزی تایبەتی هەبووە. بەتایبەتی ئەگەر ئەو گۆڕستانە گۆڕی پیاوچاکێک یا شەهیدێک یا پیاوێکی ئایینی لێ بێت، دارەکەش تاقە دارە لە ناوچەکەدا تا چاو بڕدەکات بە چەند کیلۆمەترێک هیچ داری دیکە بەدی ناکرێ و کەوتۆتە سەر ڕێگای هاتووچۆی خەڵکەکەش. بە پرسین و گەڕان بەدوای سیفەتی ئەم دارە، بۆیان گێڕامەوە کە: هەرکەسێ ددانی ئازاری هەبێ دەبێ بچێ بزمارێک لە قەدی ئەم دارە بدات یان پارچە قوماشێک لە لقی دارەکە بئاڵێنێ یان سێ بەردی چواردەوری دارەکە لەسەریەک دابنێ، ئینجا پشت لە دارەکە بکات و بڕوات، واتا (ئاوڕ لە دارەکە نەداتەوە). ئەوا ئازاری ددانەکەی نامێنێ، هەروەها بە مەبەستی (مراز) خواستنیش سەردانی ئەم دارە دەکرێت، واتە پیاوێک یا ئافرەتێک بە ئاواتی شتێکە دێتە ئێرە پارچە قوماشێک بە لقی دارەکەوە دەبەستێ و دەڕوا و ئاوڕناداتەوە، گوایە مراز و ئاواتەکەی دێتە دی.

ڕژێمی پێشوو بە مەبەستی گەڕان بە دوای (نەوت)، کە ناوچەکە نەوتی زۆری هەیە، چواردەوری دارەکەی کۆڵیوە. بەڵام دارەکەی نەبڕیوەتەوە. لە نزیک دارەکەشەوە کونێکی بچووک هەیە لەو هەڵکۆڵینە پەیدابووە بە بەردەوامی (هەوا)یەکی گەرمی لێ دێتە دەرەوە، واتا جۆرە (گاز)ێکە!!.

ئیسماعیل ڕەسول ئیسماعیل لە دایکبووی ١٩٢٧ خەڵکی گوندی (چاربەردە)ی قەراج بە وێدا تێدەپەڕی، منیش ڕامگرت و پرسیاری ئەم دار و گۆڕستانەم لێکرد، لە وەڵامدا گوتی: (٧٠) ساڵ لەمەوبەر من ئەو دارەم دیوە، پێش منیش باپیرانم دەڵێن هەر هەبووە، هەرچی ددانی ژانی بکردایە، دەهاتە سەری بزمارێکی لێ دەدا و نەدەبوایە ئاوڕیداتەوە، ئینجا دانی چاک دەبوو، یەکجار کۆنە بەبیری کەس نییە!!.

دارەبزمارە بۆتە هەوێنی لاوک و حەیران، ئەوەتا مستەفا خدر شێروانی دەچریکێنێ و دەڵێ:

**دەوجە برایینە وەی برادەرینە چەندم گاز دەکرد دەرێم**
**حەیران لە عەوێنە و شێخ شەروانی**
**دەوجە سبەیانەکێ لەگەڵ برادەرەکی مارەکمان بارکرد سەر لە بەیانی**
**شۆڕدەبوونەوە لە دەسکانی جانەی**
**دەپەڕینەوە لە کەند و لەندی ناوێ**
**ئاوا دەبوون لە زینێ دارەبزماران**
**ڕەت دەبن لە بەرد و بێ بەردێ**

بەڕێز عەباس سلێمان سمایل لە گۆڤاری هەولێر ژمارەی (٥)ی ساڵی (٢٠٠٠) لەبارەی (کلکەی دارەبزمارە) لە زمانی (ئەنوەر خەلیفە)ی دانیشتووی گوندی چەغەمیرەی کەندێناوە دەڵێ:

"کاتی خۆی سوپای خانزادی میری سۆران لە دوای لەشکری ئێزدی دەگەڕا، تا تۆڵەی سلێمان بەگی برای بکاتەوە، لە کلکەی چیای بلباسان (قەرچووغ) ئاڵبەندەکەیان بە ناوی (سەید ئەحمەد) ژان دەیگرێ و هەر لەوێ کۆچی دوایی دەکات و دەینێژن، جا لەبەر ئەوەی ناوچەکە دارستان بووە بۆ ئەوەی گۆڕی ئەم پیاوە ون

نەبێت، چەند بزمارێک لە درەختی سەرینگانی (لای سەری) گۆڕەکە دەکوتن و پشدێنە کەسکەکەی مام سەیدیش لەدرەختەکە دەئالێنن و پاشان گۆڕی سەید ئەحمەد دەبێتە چاک و خەڵک دەچنە سەری" بەڵام من گومانم لەو قسەیە هەیە، چونکە لەوەتەی تەمەنی باپیری چوارەمیشم ئەو ناوچەیە هەرگیز بە شێوە داروردەختی لێ نەبووە، ئەگەر بڵێم هەر لێی نەبووە و ئەو هێرشەی (لەشکری خانزاد)یش لەوانەیە هێرشەکەی (میر محەمەد)ی پاشای رەواندوز بێت، کاتێک لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە بەشەر هاتووە و پەلاماری ئەو ناوچەیەی داوە، بەڵام لە ناوچەکە نەماوەتەوە، ئەگەر ئەمەش راستبایە، ئەوا دەبوا گۆڕەکە بمابایە نەک دارەکە، چونکە هەردەم گۆڕ پیرۆزتر بووە.

**دارەبزمارەی چیای پیرمام**

بە رێکەوت تووشی ئەو دارە بووم، بەهۆی چاککردنەوەی رێگای هەولێر - سەلاحەدین، رێگاکە گۆڕابوو بۆ لای ئەو گوندەی کە دارەکەی لێیە، منیش کە ئەو شتانە بەشێکن لە کار و خولیاکانم لە هاتنەوەم بە کامیرا وێنەی دارەکەم گرت. بەڵام لە جاری دووەم بە مەبەستی نووسین و بایەخدان بەم دارە لە رێکەوتی ٧/١٠/٢٠٠٥ چووم بۆ وێنەگرتنی.

دارەکە کەوتۆتە خوارەوەی گوند، کە بەو ناوەوە ناویراوە، گوندی (دارەبزمارە)، خەڵکەکەی لە عەشیرەتی (هەرکی) ن، نزیکەی (٢٠) ماڵ دەبن، گوندەکە کەوتۆتە سەر رێگای سەرەکی، کە بەو ناوەدا دەڕوا بۆ گوندەکانی دۆڵی زرارەتی و دەسوڕێتەوە بۆ سەلاحەدین و شەقڵاوە، کاتێ خەڵک لەم ناوە تێدەپەڕی ئەم دارە گرنگییەکی زیاتری پەیدا کرد، چونکە سەرەڕێی خەڵکەکە بوو، کە دەچوون بۆ هاوینە هەوارەکان یا بە هۆی رێ گۆڕین بەم ناوەدا تێدەپەڕین. دارەکەش هەر لەسەر رێگاکەیە، چەند دوکانێک لەتەک دارەکە کراونەتەوە برەو بە بزمار فرۆشتنیان دراوە، بە هۆی ئەوەی هەر کەسێ دێتە سەردانی ئەم دارە دەبێ بزمارێک لە جەستەی گیر بکات!!.

**چۆنیەتی دارەکە:**

ئەم دارە (دار بەڕوو)ە بە پێچەوانەی دارەکەی کلکەی قەرچووغ، دارێکە بەرزە ٣٠،٧ مەتر بڵندە، ئەستووری دارەکە لە بنکەکەی دەگاتە ٩٠،٢ مەتر، هەتا بەرزی ٥٠،٢ مەتر بزمار و سەرە شووشە و قوتی لێدراوە.

- دارەکە کلۆر بووە، کلۆرییەکەی تا بەرزی ٤٠،٣ مەتر لە ناخەوە رزیوە.

- دارەکە لەسەر پارچەیەکی قەدەکەی، کە لای رۆژهەڵاتیەتی راوەستاوە، بەو لاشدا لاربۆتەوە، نیوەی دارەکە وشکە، تەنها نیوەی نەبێ تەڕاتی تێدا نەماوە، زۆر پارچەی شکاوی قەدی دارەکەش لە چواردەورەکە کەوتبوو.

- لاری دارەکە و کێشەکەی مەترسین بۆ سەر مان و بوونی. بە بۆچوونی خۆم، گەر دارەکە (بەڕوو) نەبوا، ئێستا لە مێژبوو شکابوو و نەمابوو.

چواردەوری دارەکە گۆڕستانە، بەڵام پەرش و بڵاوە و پیسی زۆری لێیە، کە هەرگیز شایستەی شوێنی گۆڕستان و ناوبانگی ئەو دارە نییە.

- خەڵک دێنە سەردانی ئەو دارە بە مەبەستی شکانی ژانی ددان و مراز خواستن، هەریەکەی بزمارێک یا پارچە قوماشێک لە دارەکە قایم دەکەن، کە دارەکە جێدێڵن نابێ ناوڕی لێ بدەنەوە، واتە هەمان بیرۆکەی دارەکەی کلکەی چیای قەرچووغە.

گوندی دارەبزمارەش لە ٢٠ کیلۆمەتر لە بەستۆڕە دوورە، خەڵکەکەی بە ئاژەڵداری خەریکن، (٥) کیلۆمەتر لە خوار گوندەکە قەڵای (دێرێ) دەبینرێ کە دەستکاری محەممەد پاشای رەواندزییە، تەنها کەلاوەکەی ماوە لەسەر گردێکی بەرز.

* دیوانی حەیران بێژان - ئەحمەد حەیران.
* ئەم بابەتە لە گۆڤاری مێرگ ژمارە (٨) ساڵی یەکەم ٢٠٠٦ بڵاوکراوەتەوە.

# داره شەکران

**حاجی فاتیح دارەبەنی**

ئەو تاقە بنەدارە کەوتووتە سەرێی زوورگەکانی مام خاڵان، لە ناوچەی زرارەتی، ئەو دارە جۆری بەڕووە، بەڕووەکەشی شیرینە، هەر لەبەر شیرینی بەرەکەیتی کە وەکو شەکرە، بوویتە (داره شەکران). خەڵکی دەڤەرەکە دەڵێن تەمەنی ئەو دارە لە (٣٠٠) ساڵ تێپەڕی کردووە، دارە شەکران لە مێژووی شوێنەواری و ئەدەبیاتی لاوک و حەیراندا لە شوێنە هەرە بەناوبانگ و ناسراوەکانی کوردستان هەرژمار دەکرێ. لاوکبێژ و حەیران بێژەکان زۆربەیان ناوی دارە شەکرانیان هێناوە، وەکو: کاوێس ئاغا، مام خدر خرابە دراوی، محەممەد گۆران، حەسەن حەیران، حەمەد بەگی (چەغەمیردیی)، حەسەن سیساوەیی و بە دەیانی تریش.

ئەم دارە بووەتە کەلەپوورێکی بە نرخ بۆ کورد و بە تایبەتیش بۆ دەڤەرەکە، لە بەهاری (٢٠٠٤)دا سەردانی دارە شەکرانم کرد، نەک وەکو پێشان! حەشامەتێکی یەکجار زۆری لێبوو، سوپاس بۆ خوا لە پاش رووخانی فیرعەونی عێراق گوزەرانی خەڵک زۆر باش بووە و هەر خێزانێک ئۆتۆمبێلی تایبەتی خۆی هەیە، هەتا ئاستێکی زۆریش ئاسایش بەرقەرارە بە تایبەتی لە هەرێمی کوردستان، خەڵکەکە بە گشتی بەو کەش و هەوایەی ئێستا تێداین دڵخۆشن. بەڵام سەد مخابن بۆ هەندێ کەس کە دیتم بۆ وێنەگرتن، بەسەر ئەو دارە دەکەوتن، چ ئازارێکی ئەو دارەیان دەدا، هەر لقێک چەند منداڵ و تواری لەسەر بوو، بە دەیان لقی بچووک و درشت شکابوون و کەوتبوونە بن دەست وپێیان، ئەو دارە لەبەر گەورەیی قەوارەکەی و تەمەنی زۆر درێژی، زۆربەی لقەکانی مۆرانە و خۆراکی لێداوە، ئەو تاقەتەی نەماوە وەک پێویست، هەموو چرکەیەک (١٠) کەسی پتر لەسەرە! من بەش بە حاڵی خۆم تکام لەو کەسانەیە، کە سەردانی ئەو دارە دەکەن و وێنەی لەگەڵ دەگرن، ئەوە هەر بەجارێک نییە ئازاری نەدەن بیپارێزن، تکاشم بۆ حکومەتی هەرێم هەیە چ لە رێگای وەزارەتی کشتوکاڵ و چ وەزارەتی رۆشنبیری ئاوڕی لێ بدرێتەوە پێش ئەوەی ئەو کەلەپوورە بە نرخە سیمای بگۆردرێ یان لەناو بچێ، پێویستە شوورەکی لەسەر شێوازی تازە بۆ دروست بکرێ و بیرێکی ئیرتیوازی بۆ لێبدرێ و پاسەوانی بۆ دابین بکرێ و دەوروەی جۆرەها دار و گوڵی لێبچێنرێ، سیمای شوێنی گەشتوگوزاری پێبدرێ.

ئەو کاتەی بەڕێز (فەرەنسۆ حەریری) کە پۆستی پارێزگاری هەولێری وەرگرت، شوورەیەکی بە تێلە دڕکاوییەکان بۆ کرد، دەرگایەکی تایبەتی بۆ چوونە ژوورەوەی بۆ دروست کرد، بەڵام ئەو شوورەیە هەر لەمەڕ و ماڵات دەیپارێزی، بەڵام بە ئاوڕدانەوەی یەکەم دەژمێردرێ و پێویستە درێژەی هەبێ. هەر دارە شەکران بە تەنها لە کوردستان کۆنەدار نییە، بە دەیان داری تریش هەن پێویستە ئەوانیش ئاوڕیان لێبدرێتەوە، وەکو: (دارە بزمارە) ئەو دارە کەوتۆتە سەر چیای قەرەچووغ لە ئاقاری سەرگەڕان، کە نزیکە لە شارۆچکەی مەخموور، ئەو دارەش گوایە (پیروچاکە) هەرچی مرازی هەبێ ئەگەر بزمارەکی تێبکوتی بە مراز دەگا.

ئەو لاوک بێژ و حەیران بێژانەی کە ناوی دارە شەکرانیان هێناوە، ئەوانەن:

یەکەم، (کاوێس ئاغا):

ئەمن دەرێم... سەردەمەکێ ئەمن راوچیبووم مار وێران دەگەرام لە راوێ...

لە بنەبنەیێ مام خالان چیبکەمێ رۆژەکێ دەچوومە بن دارە شەکرانێ مار وێران...

* * *

ئەمن دەرێم ئەمن دەچوومە دارە شەکرانێ...

دۆستێ خۆم دەدیت (مامزە)! لەسەر شارە مێرووستانی،

پارێزەکم دەبردێ، پارێزم لێدەستاند، دڵم نەدەهات

بەستینکەکا چەخماخسازی، حەیران گۆرانی (....)

لە پێش کاکێ توو دەرۆی مار وێران...

* * *

ئەمن چیبکەمێ شەو لەوەرێ خۆی داوێتە زوورگی مامەری،

سبەینان چێشتاوێ خۆی دەهێنا کاولە قەفەری،

ئەمن چیبکەم دەرۆیشت، دەستی بەژنێ باریکم دەگرت

بە بنەبنەیێ رەشوانێم دا دەبردەخوارێ، بە رۆژ دەمبردە ناو دەغڵ و دانێ نای ی ی... خاروانێ ێ...

* * *

(مام خدر خرابەدراوی) کە نزم و حەیرانەکانی (سەیدەکۆرە)ی رەحمەتی دەڵێتەوە، دەڵێ:

ئەدی مامەر دەرێ وەی حەسەن براڵە، ئەتوو تەماشاکە لە کار و ئەمرێ خودای خۆ (داری شەکرانێ) تەنیا دارە لەمن شێن بووە لەسەرێ گەروێ...

ئەورۆ خەبەرم درایتێ دەڵێن: خێڵی ئەحمەدی بارینان هاتە خوارێ لە کێڵی کیستانان، دەپەرێتەوە لەسەر کەورۆکێ مام ساران، دەچمەوە بەرایێ کۆچێ سەبارەت بە جەواهیرێ ئەحمەدی بارینان، دەبا ئەورۆ هێوارێ رابوەستم لە بەرایێ کۆچێ، گەلەکم پێخۆشە کۆتانێ ئەحمەدی بارینان دابمەزرێنم هەر لە پار بانیێ توو بێ...

دەوجە مامەر دەرێ: وەی حەسەن برام...

قەت لۆمەم مەکەن، لۆمەم لێنایێ،

درێ من گەلە ئاشقە لە جەواهیرێ ئەحمەدی بارینان،

دەبا هەردوو چاوێ جەواهیرێ لۆ من بمینێ،

بە جۆتە ئەستێرەکانی هەردێن سەرێ بواران و هاوینان.

ئەگەر عالەم پێبگری حیسابێ سارێ...

دەرێن ئەورۆ هەراتینە ئەوجۆتە مقابیلێ پێروێ ێ...

* * *

خوا لێی خۆشبی باوکم دەیگوت: سەیدە کۆرە هەر حەیرانی بگوتبا حەیرانێ مامەری دەهێناوە ناوێ، دەرێ: جارەکی حەیرانی دەگوت: یەکێک گۆتی: مام سەید ئەوە چییە؟ ئەتوو هەر حەیرانی مامەریمان زۆر لۆ دەڵێی؟ سەیدە کۆرەش گۆتی: وەڵڵا کورم هەتا ئەمن مابم هەر بە کلکێ ئەسمەرێدا هەر دەڵێم.

لۆ زیاتر زانیاری دەربارەی سەیدە کۆرە، ئەو پیاوە دانیشتووی گوندی دارەبەن بووە وساڵی لە دایک بوونی دەگەرێتەوە بۆ ساڵی ١٨٩٠ بە گوێرەی قسەی لێدەکەن و هەردوو چاوی لە زگماک کۆرە بووە، پیشەی زورناژەنی کردووە، بلوێر و شمشاڵیشی زۆر باش لێداوە، حەیران بێژێکی بەناوبانگ بووە. یەک کوریشی هەبووە کە ناوی (سەید کەریم زورنابێژ) بوو لە هەولێر ناسراوە، من بە چاوی خۆم تەنها جێگای ماڵەکەیان بە کەلاوەییم دیتووە، لە نزیک مزگەوتی دارەبەن بوو، دیوارەکانی زۆر پان بوو، هەموو جارێ دەیانگوت: تەماشای دیواری سەیدە کۆرەی بکەن چەند پانە هەر لبادی لەسەر رابێخە و لەسەری بنوو، چونکە دیوارەکان بە قورەپەستی کرابوون، سەیدە کۆرە بە خۆشی دیواری کردووە ئەوجا قورەپەستی و کۆرەش بکا!.

* * *

حەیرانبێژ (حەمەد بەگی چەغەمیرەیی)

لە حەیرانەکەی دەڵێ:

خزمینە چیبکەم بە ئەمرێ خوای بوو، گەوارەکی دامەزراند

گەلە کەسەر دارم ناتگەمێ گەردەن کێلی ی...

ئەمان تەری دەکرد سەریێ گەرعە و گەرعوتان، کلکەیێ مارۆکان،

خەندەکێ خەلیفەی، گۆمێ قورینگان، دەراوێ بازنان،

کلکەیێ قەرەبۆتکان، لۆیێ گەلە کەسەردارم مەرۆ خەزێم شۆر...

گەروێ حوسێنی غازی، کلکەیێ زورگێ نانێ، داریێ بەرگورێ، قۆدیلکەیێ مام خاران، زوورگێ کورد رەوەندان، بنەیێ (داردشەکرانێ)، قەراتێ پیرە

هەولێرێ ناتکەمێ کەردەن کێڵ...
سەیرێ زوورگەزراوێ خۆمان، بابە خزمینە لە کاکێ توو
تەڕ دەکا کاولە وراتی...

* * *

مەحمودی حەیرانبێژ، کە لە ساڵی ١٩٥٦ مەچکۆی چایەچی تۆماری کردییە دەڵێ:
حەیران: ئەورۆ بەویێ سبەینێ بە خۆم ڕاوچیمە، وەڵڵا
وەڵڵا، دەگەڕام لە ڕاوێ...
لە زورگی چاروک و چاروکان، لە کلکەیێ ئیفرازی، لەوبەرو
لەویەری بەستورەیێ گوزانان، لە بنەیێ (دارەشەکرانێ)...
لۆیێ گەلە بریندارم...
ئەمان ئەوەتانە هەموو دانی ئێواران لەسەر کانیەکەی بەحرکەی، وەیدادو بێ داد بەرامبەری
قەراتێ ئای ی ... دوینێ...

* * *

لاوک بێژ (محەممەد گۆران - گردەچاڵی)
لە لاوکی شەڕی شاخۆلان دەڵێ:
بەرێ وایلۆ، وایلۆ، وایلۆ... وایێ
بەرێ سەید فەتحی دگۆ: کوڕۆ خەلیلۆ منێ لەسێبارێ
شەوێ چەندی هەریقان داوێم لۆ عاسمانێ...
ئاخ چیبکەم هاوارێ کوردان لە (دارەشەکرانێ) لە بۆمە نایێ.

* * *

حەسەن حەیران لە حەیرانەکی دەڵێ:
دارێ شەکرانێ لەمن قەدیە دارە...
لەبنی یەک و لەسەری هەزارە...
"هەتا کۆتایی بەندە حەیرانەکە"

* * *

حەسەن ڕەسول سیساوەیی دەڵێ:
حەیران ئەمن لۆخۆ ڕاوچی بووم لە ڕاوێ...
ئەوەتانە لە (دارەشەکرانان)، لەبنێ خاروان و ڕەشوانان،
دەربەندی سەیدان، بنێ زەرواوێ، کاولێ قەفەری،
ئاوێ بن بەردی، سەرێ سوڵتان عەولای، کن حوسینێ
غازی، کلکەیێ قەرەبۆتکان، مەڕۆ ناتکەمێ
دەک و ماڵێ بابت وێرانبی....

* * *

حەیران بێژی بلیمەت (ڕەسول گەردی) دەڵێ:
دەوجا دەرێم براینە دیسان ئەورۆ سبەینێ بەستۆڕە لە من لە بەربیانێ...
دەرێم براینە برادەرینە بەستۆڕە لەمن لە بەربیانێ...
ئەگەر ئەورۆ زەینێ خۆم دەدایێ بەویێ سبیانێ
مامەراغەم دانیشتیە لەبن سێبەری ئای ی هەها، هەها، هەهەهای... (شەکرانێ)...

* * *

دەوجە دەرێم براینە ئەگەر مامەر دەیگۆ:
گەلی خزمینە ئەنگۆ ئەورۆ سبیانێ جوابەکی لەبۆ من ببەنە کن حەسەنی برا،
با چاوی خۆی باوێتە سەردارێ دووربینێ تەماشا بکاتەوە دەو بەستۆڕە و
بەستۆڕەی ڕەنگین، کانییەکەی مام خاران، ئەرێ گێیێ
ئەو ئەسمەرێ کابایزی گێیێ وانم گەلە
زەرد و تەنکە لەمن ڕاناگری قوریێ ئای ی... هەها، هەها، هەهەهای... گورای...

* * *

* وابزانم ئەو مەحمودە بە مەحمود بەسێ ناسراوە

سەرچاوە:

١. سەبارەت بە دارەشەکران لە ڕۆژی ١٨/ ٥/ ٢٠٠٣ لەبن سێبەری دارەشەکران دانیشتنەکمان کرد لەگەڵ بەڕێز کاک فارس ڕەشید ڕەشەوانی، دەربارەی ئەو دارە ئەوەی زانی درێخی نەکرد.
٢. بە نسبەت بەندە حەیرانەکان، لە کاسێتی حەیران بێژەکانم وەرگرتییە، کە ئێستا کاسێتەکانم هەیە.

* لە گۆڤاری ئاسۆی فۆلکلۆر، ژمارە ١١، ٢٠٠٥ بلاوبۆتەوە.

# دار دێدەوان

هوشیار عەبدوڵڵا

(دێدەوان) ناوی زنجیرە شاخۆلکەیەکە لە خوارووی ڕۆژهەڵاتی شاری هەولێر هەڵکەوتووە، بە (چیای دێدەوان)ی بەناوبانگە، کەوتۆتە سەرەوەی گوندی (سۆفی برایم)، ئەو زنجیرە چیایە لە دەشتی کۆیەوە لە ئاقاری گوندی (شیوە بیران)ەوە دەستپێدەکات و درێژ دەبێتەوە و دەکشێ بەرەو ڕۆژئاوای شاقەڕی خۆی داوێتە ئاقاری گوندەکانی (چارە گردەرە) و (ئازیانە) و لەوێ کۆتایی دێت، ئەو زنجیرە چیایە، دەشتی هەولێر و دەشتی کۆیە جودا دەکاتەوە، ئەم شاخۆلکەیە زۆر بڵند نییە، هەڵەت و هەڵدێری زۆرە، لە هەندێ جێگادا شاخی هەیە بەڵام شاخەکەی تەمۆخە، زستانان بەفری لێ دەبارێت، دار و باری زۆرە بەتایبەتی، بە دیوی دەشتی کۆیێ (داربەڕوو) و (دارەبەن)ی هەیە، دار بەڕووەکانی گەورە و قەدیان ئەستوورە، (٣) سێ کانیاوی سارد و سازگاری لێیە، ناویان زۆر سازگار و ساف و ساردە، هەر دەڵێی ناوی کیستانانە:

١. کانی دێدەوان.
٢. کانی فارسی.
٣. کانی حەمەغای.

گیاندار و باڵندەکانی ئەو ناوەش بەزۆری کەروێشک، ڕێوی، گورگ، کەمتیار، سێخوڕ، شەوگەرد، مامز، بەرازە. کاتی خۆی بەرازی زۆر بووە، بەڵام لەگەڵ دەستپێکردنی شۆڕشی ئەیلولی ١٩٦١ی زایینی ئەو ناوچەیە ببووە پەناگەیەک و مەیدانێک بۆ پێشمەرگە دلێر و چاونەترسەکانی دەشتی هەولێر، هەردەم تەقە و پێکدادان و شەڕ و شۆڕی لەگەڵ حکومەتە یەک لە دوایەکەکانی عێراقی لێدەکرا، باڵندەکانیش ئەمانەن: کەو، کەوی دێدەوانی زۆر جوانە، سووسکە، خەرتەل. ئەو شاخۆلکەیە خەرتەلی یەکجار زۆرە لە کونە شاخەکاندا هێلانەیان کردووە، گەلێک جاران خەڵکی ناوچەکە ڕاوە خەرتەلیان دەکرد بۆ مەبەستی هێسکی لا باڵەکانی بۆ دروستکردنی (دووزەلە)، کە یەکێکە لە ئامێرە مۆسیقا فوداره هەرە کۆنەکانی ناوچەکە، ئەم جۆرە ئامێرە فۆلکلۆرییەش لە زۆربەی هەرە زۆری ناوچە و دەڤەرەکانی دیکەی کوردستانی گەورەدا باوە و لە شایی و گۆڤەند و ئاهەنگەکاندا بەکاردێت. (دار دێدەوان) تاقە دارێک بووە لە تەوقەسەری شاخۆلکەکەوەیە، بەرامبەر بە

گوندەکانی (بانەمورد) و (بەلەبان) لە ناوچەی مەنتکایەتی، مێژووی ئەو دارەش نازاندرێت، کە لە کەیەوە هەبووە و چێنراوە، بەڵام ئەوەندە هەیە پیرە بەساڵاچووەکانی ناوچەکە دەڵێن: ئەمە لە باب و باپیرانمانەوە گوێمان لێ بووە و بیستوومانە ئەو دارە هەر هەبووە و هەر بە (داری دێدەوان)یش ناسراوە. دارەکەش (دارەبەن)ە، واتا (دارقەزوان)، لە کوردەواریدا دەڵێن (دارەبەن) و ناڵێن (دارقەزوان). ئەم جۆرە دارانەش لە چیایەکانی کوردستان زۆرن، قەدی دارەکەش گەلێک ئەستوور و گەورە بووە، بەڵام لەو ساڵانەی دواییدا قەدەکەی هیشک و رزی بوو، ناوەکەی کلۆر ببوو، شوانەکان لە ناوی دادەنیشتن و چایان لەوێ لێدەنا، کە تەواو هیشک بوو خەڵکی ناوچەکە لەبن و بۆتکەوە هەڵیانکێشاو نەمامێکی نوێیان لە شوێنی دارە کۆنەکەدا چاند، کە ئەویش هەر (دارەبەن)ە و هەنووکە نەمامە دارەکە نەختێک بڵند بووە، ئەم شاخۆلکەیە (دار گێوژ) و (بەلاڵووک) و (پنجەگوێنی - کەتیرەی) زۆرە هەروەها (دارشەواشینک)، بەردکەی (بەدەمچە)ی پێدەڵێن، هەنجیرە کێوی و هەناری کێوی و پارچە رەزی ترێ هەیە، هەروەها گیا و گوڵی بەهارانیشی زۆرە لەوانە: کاردی، کەنگر، کە زۆرە بەڵام تاڵە، پیفۆک و بەهارانیش کەم کەمە (دومەران)ی هەیە، هەروەها لە نێوان دار بەڕووەکان و بن دارەکاندا (کوارگ)ی زۆرە، لەوەڕێکی باشی هەیە، بۆیە مەڕدارەکان و شوانکارەکان دەهاتنە ئەو ناوچەیە بۆ لەوەڕاندنی مەڕ و ماڵاتەکانیان، تەنانەت کاتی خۆی (تیرە مەنتک) کە تیرەیەکی سەرەکین لە هۆزی گەورەی سورچی لە ناوچەی سەرچیاوە بە مەڕداری کەوتوونەتە ئەو ناوچەیە و هەر لێرە نیشتەجێ بوون و نەگەڕاونەتەوە شوێنەی خۆیان، لەو هەرەتە چەند گوندێکیان ئاوەدان کردۆتەوە. هەروەها هۆزی (بڵباس)یش کاتی خۆی ماوەیەک لەو ناوچەیە بە مەڕ و ماڵاتەوە ئاکنجی بوون، بەڵگەشمان ئەوەیە، کە ناوی گوندی (شیوە بیران) کە کەوتۆتە دەشتی کۆیە بە ناوی تیرەی پیران کراوە، کە تیرەیەکی سەرەکییە لە هۆزی بڵباس، ئەو ناوە ئەشکەوتی گەورەی هەیە، مەڕدارەکان سوودێکی زۆری لێدەبینن، ئەو دارە تێکەڵ بە فۆلکلۆری ئەدەبی میللی نەتەوەکەمان بووە، زۆربەی هەرە زۆری حەیرانبێژەکانی دەشتی هەولێری لە حەیران گوتندا ناوی (داری دێدەوانی) دێنن، لە فۆلکلۆری دەشتی هەولێرەکەدا واهاتووە:

**ئەورۆ سەرم زۆر دێشی      دەردێ لە درم بەژانە**
**دەچمە بن (دێدەوان)ی      ئەوبەر ئەوبەر پاوانە**
**بەگردی (قەرەبەگ)ی      ئەوبەر ئەوبەر بیستانە**
**دەراوی (گردەسۆر)ی      جێگای چاو بە کلانە**
**بستی (شاقازی)م خۆشە      وادیارە لە (بیستانە)**
**وەرە یارێ بابڕۆین      لۆ (ئازیانە)ی سەیدانە**

لەو حەیرانەشدا واهاتووە:
**حەیران مانگێ لە چاردەی دێ و دەسری.**
**رۆن دەکا سەری (رولکە) و (حەسەن متربیس)،**
**(داری دێدەوان)ی**
**بنەی کاولە (گردیش)ی، ئەوجا لە منی غەریب و**
**مار وێران، رۆن دەکا، رومەتی گور گوری.**

سەرچاوە:
پیاوانی تەمەندار و دنیا دیتەی هۆزی مەنتک.

* ئەم بابەتە لە گۆڤاری ئاسۆی فۆلکلۆر، ژمارە (٢٤)ی ساڵی ٢٠٠٧ بڵاوبۆتەوە.